د. زاهیر سوران

# نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان

## ئامۆژگاری و خۆپاراستن

ستۆکهۆڵم- ١٩٩٥

The right of reproduction are reserved to the antor

© Solförlaget 1995

Box 136
191 22 Sollentuna
Printed in SWEDEN

ISBN 91-972433-7-X

هەواڵنامەی کتێب

نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان

نووسینی: د. زاهیر سوران

پێداچوونەوە و پێشەکی: سەرداری صدیق ئەمین

تایپ : مارتین رۆتفێلْ

نیگارکێش : باوەنور

چاپی یەکەم: ستۆکهۆلْم ١٩٩٥

مافی لەچاپ دانەوەی بە دەست خاوەنیەتی

(لە سەر ئەرکی یەکێتی لاوانی کورد - سوید لە چاپ دراوە)

نەنگی نییە کە :

تووشی نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان ببیت

نەنگی ئەوەیە کە :

بەربەستی بڵاوبونەوەی نەکەیت !!

هەواڵنامەی کتێب

To have a Sexually Transmitted Disease
is not shameful!

But it *is* shameful not trying
to stop it!

# ناوەڕوک


5 پێشەکیی
6 نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان
7 توێکاری کۆئەندامی میزوزاوزێ
14 کورتە مێژوویەکی نەخۆشییەکان
15 نیشانە گشتییەکانی نەخۆشییەکان
17 دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان
18 جیاکردنەوەی نەخۆشییەکان
20 فەرەنگی
22 سوزەنک
24 کلامیدیا
26 لیمفۆگرانولۆم
27 نەرمە برین
28 ئەیدز
35 تامیسک
37 نەخۆشی ئاشقان
38 ڤایرۆسی پاپیلۆم
40 زەردوویی جۆری B
41 میکۆپلاسما
42 تریھۆمۆناس
44 ئەسپێی تووکەبەر
46 گرۆیێی
48 کاندیدە
49 میکرۆئۆرگانیسمەکان
50 خۆپاراستن
54 ئامۆژگاری
55 کورتکراوەکان
56 سەرچاوەکان
57 کورتەیەک


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکیی

ژیانی مرۆڤ بریتییە لە چەند چالاکییەکی مرۆڤانە کە بە بەردەوامی ئەنجامییان دەدات ،تا ژیانیش بەرە و پێشەوە بچێت‌مرۆ زیاتر گرنگی بەو چالاکییانە دەدات ، چونکە ژیان مەرجەکانی‌خۆی توندترو ئاڵۆزتر دەکات ووا لە مرۆڤ دەکات کە خۆی بۆ رابهێنێت و بەرەو روویان ببێتەوە .

یەکێکیش لەوانە چالاکی زایەندییە(SEX) ... کە وەک هەموو ئەوانی تر خۆشی و نا خۆشی هەیە یاخود باشتر بڵێین لەزەت و گیروگرفتیشی هەیە ، لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەم چالاکییانە و باسکردن لێوەی هەستدارە(تائێستا) ، بۆیە من پێم وایە لێدوان دەربارەی کارێکی مەزنە . چونکە مرۆڤی کۆمەڵگای ئێمەش وەکو مرۆڤی هەموو کۆمەڵگاکانی تر ئەو گیرۆگرفتانەی کە پێیان دەووترێت نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان دێتە رێ ،کە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بوونەتە هۆی زیانی ئابوری و کۆمەلایەتی و دەروونی بۆ هاوولاتییان . هەروەها باسێک لەم بابەتە بە زمانی کوردی کەڵکدارە بۆ هەنباری زمانی کوردی و دڵخۆشکەرە .

لە لایەکی‌دیکەوە پاش دەرکەوتنی نەخۆشی ئەیدز دیسانەوە نوژداران دەستییان کردوە بە گرنگی دان بەو نەخۆشییانەی پێیان دەووترێت نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان .ئەوەش کە زیندەتر ئەم مەسەلەیە گرنگ دەکات ئەوەیە کە تا ئێستا هیچ چارەیەک بۆ نەخۆشییە درمییە زایەندییە ڤایرۆسییەکان نەدۆزراوەتەوە و زۆربەی زۆری ئەم نەخۆشییە زایەندییانە لە قۆناخێکی درەنگدا تووشی ئەیدزدار دەبن کە پێیان دەووترێت نەخۆشییە هەلپەرستەکان. بۆیە زۆر پێویستە و ئەرکی سەرشانی گش کەسێکە هەوڵ بدات لە نەخۆشییەکان تێبگات ، هەڵبەت تێگەیشتن لێیان باشترین رێگایە بۆ خۆپاراستن .

دەمەوێ لێرەشدا پەنجە بۆ ئەوە درێژ بکەم کە نووسین و لێدوان لەم بابەتانە هیچ نەنگی و شورەیی تێدا نییە ، چونکە بە راستی ووشەی عەیبە خۆی لە خۆیدا گرفتە لە رێگای پێشکەوتندا .

سەرداری صدیق ئەمین

ستۆکهۆڵم - ١٩٩٥

# نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان

بریتین لەو نەخۆشییانەی بە هۆی پەیوەندی زایەندییەوە دەگویزرینەوە. بۆ نمونە یەکێک لەو نەخۆشییە درمییە زایەندیانە کە لە سەدەی ١٧و١٨ ەوە ناسراوە نەخۆشییەکە پێیدەوترێت فەرەنگی (سیفلیس).

هەندێک لەم نەخۆشییە زایەندیانە بە هۆی پشت گوێخستنی پاکوخاوێنی پاش کرداری زایەند و بایەخ نەدان بە زایەند و لەزەت وەرنەگرتن لێی وەک هەژێنە رێکی خۆشەویستی، رێز نەگرتن لە ژیانی ژن و مێردایەتی و تێنەگەیشتن لە زایەند وەک یەکێک لە پێویستییە سەرەکییەکانی ژیان، هەروەها گیروگرفتی ژیانی کۆمەلایەتی زۆرجار بونەتە هۆی سەرەکی بلاوبونەوەی ئەو نەخۆشیانە و گەلێ جاریش مەترسی ئالۆزبونی نەخۆشییەکەی لێکراوە.

چەند سالێک لەمەوبەر هەندێ لەم نەخۆشیانە بە هۆی پرۆژەی خۆپاراستن یان نەهێشتنی بلاوبونەوەی دەستیان بەسەرداگیرابوویان هەرنەمابوون، کەچی لەم سالانەی دوایدا جارێکی ترسەریان هەلدایەوە. هەروەها لەم ٢ سالانەی دواییدا ژمارەیەک نەخۆشی زایەندی نوێیش دۆزراونەتەوە، ئەمانیش بە ئاشکرا لە نێوان هۆمۆ و هێتروزەگەزبازەکاندا بلاوبونەتەوە و دەستنیشانکراون وەک ئەیدز. ئەم نەخۆشیانە لە زۆربەی زۆری وولاتاندا بونەتەهۆی زیانی ئابوری و کۆمەلایەتی و دەروونی بۆهاوولاتیان، لە لایەکی ترەوە زۆربەی ئەم نەخۆشییانە لەکاتی سکپڕیدا بە هۆی خوێنەوە و لە ڕێگەی وێلاشەوە دەگوێزرێنەوە بۆ پێزە و دەبێتە هۆی لەدایکبونی منداڵێکی ناتەواو کەئەمەش کارەساتێکی دلتەزێنە و گیروگرفتێکی گەورەیە بۆدایک و باوک هەروەک لە نەخۆشی فەرەنگی و هەوکردنی ڤایرۆسی دا دەبینرێت.

ئەوەی خـوارەوەش سـەرژمـێـرێکی گـچکەی تووشـبـوانی سـاڵی ۱۹۹٥ە بە نەخۆشی:

| | |
|---|---|
| تریهۆمۆناس | ١٢٠ ملیۆن |
| کلامیدیا | ٥٠ ملیۆن |
| ڤایرۆسی پاپیلۆم | ٣٠ ملیۆن |
| سوزەنک | ٢٥ ملیۆن |
| تامیسکی زاوزێ | ٢٠ ملیۆن |
| فەرەنگی | ٣ ملیۆن |
| نەرمە برین | ٢ ملیۆن |
| ڤایرۆسی HIV | ١ ملیۆن |

هەواڵنامەی کتێب

## توێکاری کۆئەندامی میزوزاوزی

هەردوو کۆئەندامەکە لە ڕووی شێوە و پێکهاتووو کار و ڕۆڵیانەوە جیاوازن


### کۆئەندامی میزوزاوزێ نێر

ئەم کۆئەندامەلەم ئەندامانانە پێکهاتووە: میزەڵدان، کەناڵ و کونی میزکردن، گونەکان، سەرگونەگلاند، کەناڵی سپێرم و پرۆستات.

# میزەڵدان: لە ماسولکەیەکی لاستیکی بەهێزی شێوە تورەکەیی پێکهاتووە هەردوو میزدۆشی ڕاست و چەپ گورچیلەکانیان گەیاندوە بە میزەڵدان و بەردەوام میز دەڕژێننە ناو میزەڵدانەوە، تەنها لەو کاتانەدا نەبێ کە مرۆڤ میزدەکات. زۆرجار میزدۆشەکان (یەکێکیان یان هەردووکیان) تووشی هەوکردن و سوتانەوە دەبن لە ڕێگەی کون و کەناڵی میزکردنەوە. هەروەها میزەڵدانی نێرە توانای کۆکردنەوەی میزی کەمتری هەیە وەک لە میزەڵدانی مێیە و مرۆڤ دەتوانی (٧٠٠) سم ی سێجا میز لە میزەڵدانا هەڵگرێ.

له سه‌روو ئه‌م ژماره‌یه‌شه‌وه به‌هۆی فشاری میزه‌وه زمانه‌ی که‌نالی میزکردن‌خۆی پێراناگیرێ‌وده‌کرێته‌وه، له‌به‌رئه‌م هۆیه‌شه پێش کردنه‌وه‌ی ئه‌و زمانه‌یه مرۆ هه‌ست‌ده‌کات میزی دێت .

# که‌نالی‌میزکردن: ئه‌م که‌ناڵه له هه‌ردوو ره‌گه‌زه‌که‌دا جیاوازه ،له مێینه‌دا کورته وته‌نها میزی پێداده‌کرێته ده‌ره‌وه، له نێرینه‌دا نزیکه‌ی١٦سم درێژه و میزوسپێرمی پێداده‌کرێته‌ده‌ره‌وه ودرێژیشی‌له سه‌ردرێژی کێر(هه‌ستاو یان‌خاوی)به‌نده،که‌ناڵه‌که له‌کونی که‌نالی‌میزه‌وه ده‌ست پێده‌کات و به کونی میزکردنه‌وه به‌ستراوه و ئه‌میش‌له نێوه‌ندی گلاندی‌پێنیان(پۆپه‌ی کێر)دا ده‌کرێته‌وه، که‌ناڵه‌که شێوه‌ی پیتی(S) ی هه‌یه ،زۆرجارله ئه‌نجامی تووش بونی ناوپۆشی که‌نالی میزکردندا به میکرۆئۆرگانیسمی نه‌خۆشیدار مرۆڤ تووشی جۆره‌ها هه‌وکردن ده‌بێت .




وێنه ١ : کۆئه‌ندامی‌میزو زاو زێی نێر

# گونەکان: بریتین لە جووتێک گلاندی زاوزێ ی نێرینە ، لە نێو تورەکەیەکی ناسکدا هەڵگیراون و دوو فەرمانیان هەیە :

١) دروست کردنی خانەی زایەندی واتە سپێرم، لە تەمەنی باڵقیدا دەست پێدەکات و بە درێژایی تەمەن بەردەوامە .

٢) دەرکردنی هۆرمۆنی ئێندرۆجین ،گلاندی سەرەکی ئەم هۆرمۆنە بریتیە لە تێستۆستێرۆن(یەکێکە لەگرنگترین هۆرمۆنەکانی نێرە ) .قەبارەی گونەکان بە پێی تەمەن دەگۆڕێن و جیاوازن، لەتەمەنی باڵقیدا گونەکان گەورە دەبن، لە گەڵ خاوبونەوە و نەمانی چالاکی زایەندیدا گونەکان بچوک دەبنەوە .

# سەرگونەگلاند: جوتێک پێکهاتووی درێژکۆلەن ولە سەردیوی دەرەوە وئەم لاولای هەرگونێکدا لەشێوەی کەناڵێکدان و فەرمانی‌سەرەکییان گواستنەوەی سپێرمە لە گونەکانەوە .

# تورەکەکانی‌سپێرم: جوتێک‌ئەندامی تورەکەین کە سپێرمیان تێدا کۆدەبێتەوە و لە کەناڵی سپێرمەوە دەکرێتە دەرەوە . بەشی‌سەرەوەی ئەم تورەکەیەش بە هۆی کەناڵێکەوە بە بنکەی کەناڵی پرۆستاتەوە بەستراوە


# پرۆستات : ئەم گلاندە دەکەوێتە ژێر میزڵدان و ئەم لاولای کەناڵی میزکردنەوە . لە کاتی‌لەدایکبووندا گلاندەکە کەمێک گەورەیە و لەتەمەنی باڵقیدا زیاترگەورە دەبێت تا دەگاتە ڕادەیەکی دیاری کراو . لە پیاوی تەمەندارا گلاندەکە هێدی هێدی بچوک دەبێتەوە و هەندێ جاریش بە هۆی هەوکردنەوە قەبارەی زۆر گەورە دەبێت فشاردەخاتە سەرکەناڵی میز وسپێرم.کێشی‌گلاندی پرۆستات لەمرۆڤێکی ئاساییدا لە نێوان .٢ - ٢٥ گم دایە .ئەم گلاندە شلەیەکی‌شێوە شیری خەست دەردەکات کە پێکهێنەری سەرەکی‌سپێرمە ،چارەسەرنەکردنی‌سوربونەوە وهەوکردنی‌کەناڵی میز و سپێرم کاردەکاتە سەرهەوکردنی گلاندی پرۆستات .

هەولێرنامەی کتێب

## کۆئەندامی میزو زاوزێ ی مێ

لەم ئەندامانەی خوارەوە پێکهاتوە: میزدۆشەکان ، ڤولڤە، کلیتۆریس، گلاندی بارثۆلین ،گولینک، زامالْ ،کەنالْی هێلکەدان و هێلکەدان .

# میزدۆشەکان: جووتێک کەنالْن لەگورچیلەوە شۆڕبونەتەوە و میز دەرژێننە ناومیزەلْدانەوە ،میزدۆشەکان لە مێیەدا کورت ترن و درێژییان لە نێوان . ۳ تا ۵ ملم دایە وتیرەیان لە نێوان۷ –۸ ملم دایە .





١ – هێلکەدان
٢ – پاشکۆی زامالْ
٣ – کەنالْی هێلکەدان
٤ – لەشی زامالْ
٥ – ملی زامالْ
٦ – دەمی زامالْ
٧ – کلیتۆریس
٨ – کونی میزکردن
٩ – گولینک
١٠ –گەورە لێو
١١ –گچکە لێو
١٢ –کۆم

وێنە ٢ : کۆئەندامی میزوزاوزێ ی مێ

ئەوەی ڕاستی بێت گولینک وکەناڵی میزکردن لە ئاستی لێوەکانی گولینکدا دەکرێنەوە ، هەر لەبەرئەم نزیکییەیەکە زۆرجار هەوکردنی ئەندامێک دەبێتە هۆی هەوکردنی ئەندامەکانی دراوسێ .

# ڤولڤە: بریتییە لەسەرجەمی ئۆرگانەکانی زاوزێی دەرەوەی مێیە ، ئەمانیش بریتین لە چیاکانی ڤینۆس ،گەورە لێو ،گچکەلێو، ناوچەی نێوان گەورە لێو وگچکە لێو، کونی میز و پەردەی گولینک .

# لێوەکانی گولینک: دوو پێکهاتووی پێستین لە سەرەوە بە ناوچەی بەرەوە و لە خوارەوە بە ناوچەی گولینکەوە بەستراون .درێژیان لە نێوان ٧-.١سم و ئەستوریان٢ -٣سم ە . لە ژنێکی(٢٥ -٣٥)ساڵیدا ئەم لێوانە ئەستورن وکەمێکیش ڕەقترن . لە ژنی تەمەنداردا لێوەکان تەنکتر و ناسکتردەبنەوە .

# گچکەلێو: دەکەوێتە بەشی ناوەوەی گەورە لێو و بە گەورە لێوەوە داپۆشراوە .درێژیان ٣ سمو ئەستوریان نیو سانتیمەترە لە ساوادا گچکە لێوەکان لە گەورەلێوەکان گەورەترن !

# کلیتۆریس: ئۆرگانێکە دەکەوێتە بەشی ناوەوەی ڤولڤە ودرێژی٣ سم و هەندێ جاریش قەبارەی جیا جیای هەیە .

# گلاندی بارثولین: لە ساڵی٥.١٦دا بارثولین لە سەرئەم جووتە گلاندەی نوسیوە ، ئەم گلاندانە دەکەونە دەرەوەی ڤولڤە وشێوەی دەنکە فاسۆلیایان هەیە،ڕەنگیان سپیی وڕەقن ،درێژی کەناڵی دەردانی ئەم گلاندە ١ -٣ سم و لە نێوان گەورە لێوەکان و پەردەی گولینکدا دەکرێنەوە . زۆرجاران ئەم گلاندانە بەهۆی میکرۆئۆرگانیسمی نەخۆشیدارەوە تووشی کێم کردن دەبن پاش گەورەبونیان گلاندەکان فشاردەخەنە سەرلێوەکانی گولینک، ئەوسا کونی کەناڵەکە وەک خاڵێک دەبینرێ .

هەواڵنامەی کتێب

# گولینک: پێکهاتوویەکی شێوە کەناڵی یە و لە ڕیشاڵی ماسولکەیی بەهێز دروستبووە . دەکەوێتە نێوان ڕێکە و میزەڵدانەوە ، بەشی سەرەوەی بەستراوە بە ملی زاماڵەوە و بەشی خوارەوەی لە ڤوڵڤەدا دەکرێتەوە .

درێژی گولینک لەنێوان ٨ -٩ سم دایە، ئۆرگانێکی زۆر لاستیکی یە و بە ئاسانی توانای کشان وفراوان بونی هەیە. زۆرجایش تووشی هەوکردن دەبیت.

# زاماڵ: ئەندامێکی سەرەکی زاو زێیە، لەماسولکەیەکی لاستیکی زۆر بەهێز وکەمێک ڕەقی شێوە هەرمێی دروستبووە. لە زاماڵدا هێلکە گەورە دەبێت و لە کۆتایی ئاووسی دا (پاش ٩ مانگ) پێزە دەکاتە دەرەوە .

شێوە و قەبارەی زاماڵ بە پێی تەمەن وباری سکپڕی دەگۆڕێ . زاماڵ لەم بەشانەی خوارەوە پێکهاتوە :

- دەمی زاماڵ
- ملی زاماڵ ، لەش و دەمی زاماڵی بە یەکەوە بەستوە .
- لەشی زاماڵ ،گەورەترین بەشە کە زاماڵی دروست کردوە .
- پاشکۆی زاماڵ

قەبارەی زاماڵ لە ژنێکی سک نەکردودا بەم شێوەیەیە :

درێژی ٦٦ – ٧٨ ملم، بەرزی ٤٠ ملم، ئەستوری ٢٠ ملم و کێشەکەی ٥ تا ٦ گرامە . بەڵام لە ژنێکداکە چەند سکێکی کردبێت قەبارەکەی ١٠ ملم زیاد دەکات یەکێک لەو هەوکردنانەی بە زۆری تووشی زاماڵ دەبێت بریتییە لە هەوکردنی ملی زاماڵ، لە تێڕوانینی نوژدار دا بە ئاسانی دەبینرێت کە ناوپۆشی ملی زاماڵ سوربۆتەوە وهەوی کردوە و هەندێجار شلەیەکی لینجی کێماوی تیادایە . زۆرجاران لەشی زاماڵ یان ناوپۆشی زاماڵ بە هۆی میکرۆئۆرگانیسمی نەخۆشیدارەوە تووشی هەوکردن دەبن.

# کەناڵی هێلکەدان: جووتێ کەناڵی ڕیشاڵی ماسولکەیین، لە پاشکۆی زامالەوە تا هێلکەدان درێژبونەتەوە، درێژی. ١ -١٢سم، زۆرجار میکرۆئۆرگانیسمەکان خۆیان دەگەیەننە کەناڵی هێلکەدان و تووشی هەوکردن یان سوربونەوەی دەکەن.

# هێلکەدان: بریتیین لە جووتێ ئەندامی زایەندی مێیە و لەوێوە هێلکەکان دەکرێنە دەرەوە (پاشترلەگەڵ سپێرمدا دەپیتێنرێن).

هێلکەدانەکان هۆرمۆنی زایەندی دەردەدەن. لە ژنی ئاساییدا درێژی٤ سم، بەرزی٣سم و ئەستوری ١سم ە. پاش وەستان و نەمانی بێنوێژی هێلکەدانەکان هێدی هێدی گچکەدەبێتەوە تادەپوکێتەوەجاری وا هەیە یەکێکیان (ڕاست یان چەپ) یان هەردوکیان تووشی هەوکردن یان سوربونەوە دەبن، لەم کاتەدا هەوکردنەکە دەگاتە کەناڵی هێلکەدانیش.

ئەومیکرۆئۆرگانیسمانەی لە ڕێگای پەیوەندی زایەندییەوە دەگەنە گولینک یان کەناڵی میزکردن لە سەرخۆ و لە نزیکەوە دەتوانن هەموو ئەندامەکانی (ئۆرگانەکان) تری زاوزێی مێیە تووشی جۆرەها هەوکردن یان سووربوونەوە بکەن.

هەواڵنامەی کتێب

# کورتە میژوویەکی نەخۆشییەکان

# هیپۆکرات یەکەم کەس بوە کە ناوی نەخۆشییە زایەندیەکانی بردوە ، لە بنچینەدا بە نەخۆشییە ڤینێریەکان ناسراوە ، ئەمیش لە ووشەی ڤینوسی یونانیەوە هاتووە .

# هیپۆکرات لە سەردەمی خۆیدا لە سەرهەندێ نیشانەی سوزەنکی نووسیوە .

# نزیکەی ..٢ ساڵ پ . ز نوژداری یونانی گالینوس بۆ یەکەم جار ناوی نەخۆشی سوزەنکی بردوە ، هاوکات لە وولاتی چین و میسردا باسی هەمان نەخۆشی کراوە

# لە ساڵی ١٤٩٢ دا لە گەڕانەوەی کریستۆفەرکۆلۆمبوسدا هاوەڵەکانی نەخۆشییەکی نوێیان هێنایەوە ئەوروپا ، کە ئەو نەخۆشییە نوێیە فەرەنگی بوو .

# لە ساڵی ١٤٩٣دا روون بۆتەوە کە تا پێش گەڕانەوەی کۆلۆمبوس لە ئەمریکا ، نەخۆشی فەرەنگی لە ئەوروپادا نەبوە !

# لە ساڵانی ١٤٩٤ - ١٤٩٥ دا لە سەردەمی شا کارلی هەشتەمدا لە فەرەنسە ئەسپێ بڵاوبۆتەوە ، بۆیە بڕیاردرا کە ئەو سەربازانەی کە تووشی بون لە سەربازی مۆڵەت بدرێن تا چاک دەبنەوە .

# لە ساڵی ١٥٣. بۆ یەکەم جار نەخۆشییەکە نێونرا سیفلیس .

# لە ساڵی ١٨٣٦ دا (Donne) ی فەرەنسی تریپۆمۆناسی دۆزییەوە .

# تا ساڵی ١٨٣٨ نەتوانرا نەخۆشی سوزەنک لە نەخۆشی فەرەنگی جیابکرێتەوە .

# لە ساڵی ١٨٧٩ دا ئەلبێرت نەیسێر باکتریای نەخۆشی سوزەنکی دۆزیەوە .

# لە ساڵی ١٩.٥ دا باکتریای نەخۆشی فەرەنگی دۆزرایەوە .

# لە ساڵی ١٩١٨ دا لە سوید یاسای خۆپاراستن لە نەخۆشییە درمییەکان دانرا .

# لە ساڵی ١٩٨. دا نەخۆشی کلامیدیا وەک نەخۆشییەکی زایەندی ئاشکرا کرا .

# لە ساڵی ١٩٨١ دا پێنج جۆر هەوکردنی نائاسایی سییەکان ئاشکرا کران کە هەموو نەخۆشەکان هۆمۆرەگەزبازی نێر بون .

# لە ساڵانی١٩٨٣ - ١٩٨٤ دائەو ڤایرۆسە جیاکرایەوەکە دەبێتە هۆی نەخۆشی ئەیدز

# لە ساڵی ١٩٨٦ دا رێکخراوی تەندروستی جیهانی نێوی لێنا HIV .

# نیشانە گشتییەکانی نەخۆشییەکان

ئەو میکرۆئۆرگانیسمانەی پێشتر جیاکرانەوە دەبنە هۆی نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان، زۆرجارلە هەردوو ڕەگەزەکەدا هەندێ نیشانەیان هاوبەشە و هەندێکی تریان جیاوازە نیشانەکانیش لە سەر جیاوازی کۆئەندامی زاوزێی هەردوو ڕەگەزە کە بەندە.

## نیشانەکان لە مێدا

* ڤایرۆسی HIV دەبێتە هۆی دروست بوونی جۆرەها نیشانە، هەوکردنیش بە ڤایرۆسەکە دەبێتە هۆی نەخۆشییەکی کوشندە بە نێوی ئەیدز.

* خوراندن وبڵق وهاتنە خوارەوەی شلەی جیاوازلە کێر و گولینکەوە، وەکو یەک لە هەردوو ڕەگەزەکەدا هاوبەشن ،زۆرجار هۆو سەرچاوەی ژانی جگەری مێیە دەگەڕێتەوە بۆ :

هەوکردنی زاماڵ، کەناڵی هێلکەدانەکان، ملی زاماڵ،هەروەها لەوانەیە هەوکردنی هێلکەدان بە هۆی کلامیدیا و باکتریای سوزەنک و باکتریای ترەوە دەبێت .

- ئازاری سەرووی جگەر بەڵگەیە بۆ هەوکردن بە کلامیدیا .
- ناو بە ناوخوێن بەربوونی گولینک نیشانەی هەوکردنە، بە تایبەتی کاتێک ئازارو هاتنە خوارەوەی شلەی گولینکی لەگەڵدابێت، دەنا زۆرجاران ناو بە ناو خوێنبەربوون نیشانەیەکی سەرەکی جۆرێک شێرپەنجەی زاماڵە !!

## نیشانەکان لە نێردا

* هاتنەخوارەوەی شلەیەکی لینج لە کەناڵی میزکردن و کزانەوە لە کاتی میزکردندا بەڵگەیە بۆ: کلامیدیا ، سوزەنک، پاپیلۆمی کەناڵی میزکردن ، تریهۆمۆناس، برینی تامیسکی ناو کەناڵی میزکردن .

* خوراندنی ناوەوە یان دەرەوەی ئەندامانی زاوزێ بەڵگەیە بۆ: ئەسپێی تووکەبەر، کلامیدیا ،گرۆیی، پاپیلۆم ، پرهەستێتی .

* برینی سەردەوری ئەندامانی زاوزێ بەڵگەیە بۆ بوونی: فەرەنگی ،تامیسک، پاپیلۆم

* بڵق نیشانەیەکی سەرەکی تامیسک و پاپیلۆمە .

* ئازاری ژێرجگەرو پشتنیشانەی هەوکردنی گونەکانە بە هۆی: سوزەنک و کلامیدیا، هەروەها لەهەوکردنی پرۆستاتیشدا هەمان نیشانە هەیە .

* ڕەنگە ئازاری سەرووی جگەرنیشانەی هەوکردنی جگەربێت بە کلامیدیا

* گیروگرفتەکانی کۆم وەک خوراندن وخوێن بەربون ، هاتنە خوارەی شلە ، زۆر جار نیشانەی هەوکردنە بە پاپیلۆمی مرۆڤ .

* لە١٪ی نەخۆشە لاوەکان جومگەکانیان ژان دەکات ،یان جومگەکان دەئاوسێن و نەخۆش لە ڕۆشتن دەخات ،تالێهاتن بە دەگمەن دەردەکەوێت

* زۆرجار ٢/٣ی نەخۆشەکان تووشی هەوکردنی پێست و ناوپۆشەکان دەبن بەتایبەتی پێستی کێر وەک لە هەوکردنی پاپیلۆمدا دەبینرێت، لەوانەیە هەوکردنەکە ناوپۆشی دەم وگولینک بگرێتەوە وەک لەهەوکردنی کاندیدە دا دەبینرێت . زۆرجارهەوکردنی پاپیلۆم دەبێتە نەخۆشی شێرپەنجە !!

* هەوکردنیش بەHIV دەبێتە هۆی کەمبونەوە و نەمانی بەرگری ، هەروەها لەش دەکەوێتە بەرمەترسی تووشبون بە نەخۆشی هەلپەرست و لاوەکی .

هەواڵنامەی کتێب

# دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان

ئەوەی ڕاستی بێت هەمیشە ڕاستیگوتن دەربارەی نەخۆشییەکان زۆر بە سوودە بۆ تووشبوو و نوژداریش ، لە بەرئەوەی نوژدارەدە توانێ بە پێی قسەکانی نەخۆش وەکو دوا پەیوەندی زایەندی ، مێژووی دەرکەوتنی نیشانەکان و کۆکردنەوەی ئەو نیشانانەی نەخۆش هەستی پێدەکات و سەرجەمی ئەو نیشانانەی نوژدار بە چاو دەبینێت لە کاتی تێڕوانیندا وەک (برین ، زیپک ،بلۆق)لە قەبارە و ڕەنگیان لە سەرپێست و ئەندامەکان، هاتنە خوارەوەی شلەی جۆرا و جۆر و ڕەنگ و بۆنی جیاواز لە کونی میزکردنەوە یان لەگولینکی ژنەوە تا ئازارو کزانەوە و خوراندن لە کاتی میز کردندا یان لە کاتی زایەندا گرنگیەکی تایبەتییان هەیە . هەروەها تا ، میزی خویناوی، سپێرمی خویناوی تووشبوو گەلێک جاران ئەوەندە گرنگن پێش دەرکەوتنی ئەنجامی تێستە تاقیگاییەکان نوژدارەدە توانێت نەخۆشییەکەی پێ دەستنیشان بکات. تێستی (باکتریایی، ڤایرۆسی، پاراسیتی، سیری و بایۆکیمیایی)خوێن، میز و شلەی ناوکەناڵ و کونی میزکردن ، هەروەها شلەی ناوگولینک، لیکی ناودەم ، چاندنی خوێن، میزو سپێرم ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەیە لە دەستنیشانکردنی جۆرو هۆی هەوکردنەکەدا .

هەروەها ئەمڕۆ تێستە نوێکان بە ئاسانی دەتوانن دژەتەنی تایبەتی ڤایرۆسەکان یان پرۆتین و ئەنزیمەکانی ڤایرۆسەکان دەستنیشان بکەن، ئەمیش لەخۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ نوژداری دەستنیشانکردن پێش ئاڵۆزبون و پیس بونی هەوکردنە چارەکردن ئاسانتر دەکا. نابێت ئەو ڕاستیەش لە بیربکەین کە پێویستە لەکاتی تووشبون بەم نەخۆشییانەدا پێویستە نەخۆش هاوسەرەکەی ئاگاداربکات تا ئەویش خۆی لە تووشبونی نەخۆشییەکە بپارێزێت وهەروەها تێستی خۆشی بکات.

# جیاکردنەوەی نەخۆشییەکان

بە پێی جۆری میکرۆئۆرگانیسمەکە نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان دەکرێن بەم جۆرانەی خوارەوە :

١) نەخۆشییە باکتریایەکان

* فەرەنگی
* سوزەنک
* نەرمە برین
* لیمفۆگرانولۆم
* کلامیدیا

٢) نەخۆشییە ڤایرۆسییەکان

* ئەیدز
* ڤایرۆسە تامیسکیەکان (تامیسکی ئاسایی ، زاوزێ ...هتد)
* نەخۆشی ئاشقان
* ڤایرۆسی پاپیلۆمی مرۆڤ
* زەردوویی جۆری B

٣) نەخۆشییە پاراسیتییەکان

* تریهۆمۆناس
* ئەسپێی بەر
* گروێیی

٤) نەخۆشییە فونجیەکان (کاندیدە)

٥) میکۆپلاسما

٦) میکرۆئۆرگانیسمەکانی ڕیخۆڵە

هەواڵنامەی کتێب

وا لێرەدا بە کورتی باسی زۆربەی نەخۆشییەکان دەکەم کە جێی مەترسین و بڵاون تا مرۆڤ بتوانێت خۆی لێ بپارێزێت . هاوکات هەوڵ بدات تا نەهێڵێ نەخۆشییەکان بڵاوببنەوە ، باشتریش وایە هەموو کەسێک لە کاتی تووشبوندا بەزووترین کات پەیوەندی بکات بە نەخۆشخانەوە بێ ئەوەی گوێ بداتە شەرم و ترس ،لەبەرئەوەی دواکەوتنی چارەکردنی ئەم نەخۆشیانە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی گیروگرفت و مەترسی تربۆ هەردوو ڕەگەزەکە و گرنگترینیان ئەمانەن :

١) کێم کردن و تەشەنەکردنی هەوکردنەکە
٢) لە دایک بوونی منالی ناکامل
٣) لەبارچوون
٤) شێرپەنجە
٥) نەزۆکی
٤) مردن .

**دژەتەن**

بریتییە لەو پرۆتینەی لە ئەنجامی هەژاندنی ئەنتیجینەوە دژ بەتەنی بێگانە (ئەنتیجێن) دەردەکرێت و توانای دروستکردنی بەرتەکی ئەنتیجینیان هەیە .

**ئەنتیجین**

بریتیە لەو پرۆتینەی دەبێتە هۆی هەژاندنی لەش و دەتوانێت دژەتەن دەربکات کە بە تەنیکی بێگانە دەناسرێت و ئەویش بەرتەکێکی تایبەتی هەیە .

# فەرەنگی (سیفیلیس)

نەخۆشییەکی زۆر ناسراوە ، بۆیەکەمین جارلە خوارووی ئاسیادا بینراوە و پاشتریش نەخۆشییەکەگەیشتۆتە ئەوروپا ، بە درێژایی مێژوو گیروگرفتێکی گەورەی دانیشتوان بوە و هێندی هێندی بە جیهاندا بلاْوبۆتەوە .

## هۆی تووشبونی فەرەنگی

باکتریایەکە بە نێوی ترپێپۆنێمە ، ئەم باکتریایە لە کۆمەڵەی سپیرۆکێتیسە کە چەندان جۆرن بەلاْم جۆری(Treponema pallidum) تایبەتە بە باسەکەمان باکتریایەکی باریکو بزێوی هەیەکە درێژی لە نێوان ٦- ٢.مایکرۆندایە

## پەتازانی فەرەنگی

فەرەنگی یەکێکە لەو نەخۆشییە زایەندییانەی زۆر بلاْوە هەرچەندە لەم ٢. سالاْنەی دواییدا تاڕادەیەک توانرا دەست بە سەربلاْوبونەوەی دا بگیردرێ، بەلاْم واجارێکی ترسەری هەڵداوەتەوەو بووەتەوە بەمەترسییەکی گەورە. لە.٩.٪ی تووشبوان بە ڕێگەی زایەندی تووشی باکتریاکە دەبن و هەربەم ڕێگایەشدابە زۆری بلاْودەبێتەوە . تووشبونی نازایەندی زۆر کەمە ، هەروەها لە نێو ئەیدزدارەکاندا زۆر فەرهەنگیداری هۆمۆڕەگەزباز هەن.

## نیشانەکانی فەرەنگی


ماوەی کرکەوتنی باکتریاکەلەنێوان٢١- ٢٧ ڕۆژدایە ، هەوکردنەکە لە سەرخۆ تەشەنە دەکاتو بە چەندان شێوە خۆی دەنوێنێ، ئەمیش بە پێی قۆناخی نەخۆشییەکە دەگۆڕێ، قۆناخەکانی هەوکردنەکەش ئەمانەن :

١) یەکەم قۆناخ،ئەم قۆناخە دوو نیشانەی سەرەکی هەیە کە بریتین لە:

# سیفیلۆم ،ئەم برینە شێوەیەکی بازنەیی یان هێلکەیی هەیە ، تیرەی

هەواڵنامەی کتێب

سیـفیلۆم لە نێوان ٥-١٥ملم دایە ،ڕەنگی برینەکـە سورێکی تاریکە و لە ژێرفشاری پەنجەدا نامێنێ ، قەراخەکانی ڕەقن .



وێنە ٣ : سیفیلۆم

زۆرجارسیفیلۆم لە پیاودا دەکەوێتە سەرگلاندی پێنیان(پۆپە)یان ملی نێوان پۆپەوکێر،لە هۆمۆرەگەزبازەکاندا برینەکە بەم ڕێژەیە دەکەوێتە سەر:

× کێـر٨٤٪ . × کۆم ڕێکە ٩٤٪. × ناوپۆشی ناودەم ٢٪. لە مێـیـەدا برینەکە دەکەوێتە سەرگەورە لێو،گچکەلێو،یان سەرزاری زامالْ .

# ئاوسانی گلاندە لیمفاویەکانی دەوروبەری بن باخەلْ، گلاندەکان ڕەق دەبن بەلاْم بێ ئازارن و بە گشتی یەکێکیان گەورەترە لەوانی تر .

(لەم قۆناخەدا نەخۆشییەکە لە پیاودا بە باشی دەستنیشان دەکرێت)

٢) دووهەم قۆناخ، ئەم قۆناخە٦هەفتـەیە یان لە نێوان ٤ -٨ هەفتـەدایە و پاش دەرکەوتنی سیفیلۆم دەردەکەوێ . لەم قۆناخەدا نەخۆش ئەم نیشانانەی هەیە :ژانە سـەر، سوکە تا ،گـەورەبوونی سپلْ، پەیدابونی خاڵی پەمبەیی لە سەرپێست .

٣) سێـهـەم قـۆناخ ،هەندێ جـار٢ -٤ ساڵ ،یان ٢-٣٠ ساڵ پاش دووهەم قۆناخ باکتریاکە لە لەشدا دەمێنێتەوە و دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەندەها

نیشانەو پێکهاتووی شێوە جیاواز لە سەرپێست، ناوهەناو، ئێسکو دەبێتە هۆی لە ناوبردنی شانە تووشبووەکان، گەر لە کاتی خۆیدا نەخۆشییەکە چارەسەرنەکرێت ئەوا باکتریاکە دەداتە دڵ، بۆریە خوێنەکان، مێشک، پێست و جومگەکان .

## ڕێڕۆی فەرەنگی

بە گشتی لە ژێر چاودێری کردن و چارەسەرکردندا نەخۆش چاک دەبێتەوە .

> **هۆمۆرەگەزباز**
>
> ئەوکەسەیە کە پەیوەندی زایەندی لە گەڵ هاورەگەزەکەی خۆی دا هەبێت، جا لەوانەیە هۆمۆی نێر یان مێ بێت .

> **هێتێرۆرەگەزباز**
>
> ئەوکەسەیە کە پەیوەندی زایەندی لە گەڵ نێرومێ دا هەبێت .

## سوزەنک

یەکێکە لەو نەخۆشییە زایەندیانەی زۆر لە مێژە بڵاوە و لە هەندێ نیشانەدا وەک فەرەنگی دەردەکەوێت، تاکەجیاوازی سەرەکی دەرەکی نێوانیان ئەوەیە کە لە سوزەنکدا برین لە سەر ئەندامەکانی زاوزێ دەرناکەوێت .

## هۆی سوزەنک

باکتریایەکە لەکۆمەڵەی گرامنێگەتیف، لە شێوەی دەنکی قاوەدایە و جووت جووت ڕیزبون بە نێوی (Neisseria gonorrhoeae) . جاری وا هەیە ئەنتیبایۆتیک باکتریاکە ناکوژێ چونکە باکتریاکە بەرگری لە خۆی دەکا .

## پەتازانی سوزەنک

باکتریاکە لە ڕێگەی زایەندییەوە بە ئاسانی دەگوێزرێتەوە ، هەروەها لە ڕێگەی کەلو پەل و ئاو دەستخانە و گەرمی پێویشەوە دەگوێزرێتەوە ، نەخۆشییەکە لە هەموو جیهاندا بە ڕێژەی جیاواز هەس .

## نیشانەکانی سوزەنک

جیاکردنەوەی نیشانەکانی سوزەنک بە پێی جۆری هەوکردنەکە :

### ١) جۆری توند

لە نێردا ماوەی کرکەوتنی باکتریاکە ٢ - ٥ ڕۆژە ، هەندێ جاریش تەنها ٣ ڕۆژ دەخایەنێ. لە سەرەتادا نەخۆش لە کاتی میزکردندا هەست بە خوراندن و ئازاردەکات بەتایبەتی لە شێوەی کزانەوەدا ، هەروەها ناوکەنالی میزکردن سوردەبێتەوە و کەمێکیش دەئاوسێ ،پاشتر شلەیەکی لینج لە کونی میزکردنەوە دێتەدەرەوە لەگەڵ کێمێکی سەوزی زەرد باودا تێکەڵە ،ئەم شلەلینجە سەوزوزەردە باشترین نیشانەیە بۆدەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە. لەمێ دا ماوەی کرکەوتنی باکتریاکە درێژترە و ژنتووشی هەوکردنی گولینک و میتکە دەبێت و لێوەکانی گولینک هەڵدەئاوسێن و هەندێ جاریش کێم دەکەن.

زۆرجار نەخۆش تووشی گیروگرفتی وەکو میزکردنی زۆر ،کۆتایی میزکردنیش زۆر بە ئازاردەبێت. هەندێ جار لە میزی نەخۆشدا دڵۆپەخوێنی تیادایە هەروەها لەکاتی ڕەحەت بوندا نەخۆش ئازاری هەیە .

### ٢) جۆری درێژەخایەن

سوزەنکدا بەردەوام شلەیەکی لینج لەکونی میزییەوە دێتە دەرێ و زۆر جار شێوەی (تاکەدڵۆپ) ی هەیە. هەروەها ئەم شلەیە لە کاتی خواردنەوەی مەی دا بەتایبەتی بیرە ،پەیوەندی زایەندی ،گەرماوی زۆرگەرم و لە کاتی لێخوڕینی پاسکیلدا بە لێشاو دێتە دەرەوە وجلی ژێرەوەی نەخۆش پیس

دەكات . هەندێ جار ئەم شلە لینجە نامێنێ . لە ٦٠٪ ی پیاوان و لە ٤٠٪- ٦٠٪ ی ژنانیش بێنیشانەن .

رێڕۆی سوزەنک

بەگشتی بەم هەوكردنەش بە ئەنتیبایۆتیک چاک دەبێتەوە ، بەلاّم لەم سالاّنەی دواییدا جۆرێک سوپەرسوزەنک پەیدا بوە کە بە ئەنتی بایۆتیک لەناو نابرێ و بگرە باکتریاکە بەرگرییەکی زۆری دژ بە دەرمان هەیە !!

## كلاّمیدیا

یەکێکە لە بلاّوترین هەوکردنەکانی کۆئەندامی زاوزێی نێرە و مێیە لە جیهاندا ، سالاّنە لە ئەمریکا نزیکەی ٣ تا ٤ ملیۆن کەس تووشی نەخۆشییەکە دەبن .

هۆی كلاّمیدیا

میکرۆئۆرگانیسمەکە باکتریایەکە بە نێوی (Chlamydia trachomatis) کە تایبەتە بە باسەکەمان ، بەلاّم لەڤایرۆسیش جیاوازە لە بەرئەوەی دەرمانی تێترا سێکلین میکۆپلاسما لەناودەبات . هەروەها لە زۆربەی ڤایرۆسەکانیش گەورە ترە و نزیکەی ٢٥٠ - ٥٠٠ نانۆمیترە ومیکرۆئۆرگانیسمێکە هەردوو ترشە ناوکی (DNA) و(RNA) ی هەڵگرتوە. جۆری سێری D و K هۆی سەرەکی هەوکردنەکەن . لە ٣٠ - ٥٠٪ ی ئەم هەوکردنە بەرێگای زایەندییەوە دەگوێزرێتەوە ، منداڵی تازە لە دایک بووش لە کاتی لە دایک بوندا لە دایکێکی نەخۆشەوە تووشی کلاّمیدیا دەبێت ، باکتریاکە لە ٥٦ پلەی گەرمیدا و هەروەها بە تایت و ئیتانۆلیش دەمرێت .

## پەتازانی کلاميديا

لە وولاتی سویدا ئەم جۆرە هەوکردنە زۆربلاوە بە تایبەتی لە نێو شاری ستۆکهۆلمدا وا دەرکەوتووە کە ژمارەی تووشبوان لە زیاد بوندایە بە تایبەتی لەنێو لاوانی ١٥ -٢٥ساڵیدا.

هەروەهالە ئەمریکادا لە ٥٪ - ٢٥٪ی ژنانی ئاووس ئەم جۆرە کلاميديايەيان لە ملی زامالدا هەبووە. جگە لە ڕێگەی زایەندی کلاميديا لە ڕێگای ویلاشی ژنی ئاووسیشەوە دەگوێزرێتەوە بۆ پێزە.

## نیشانەکانی کلاميديا

ماوەی کرکەوتنی کلاميديا لە ٥٪ ی پیاواندا لە نێوان ٤ - ٥ ڕۆژدایە و لەوماوەیەدا مەترسی زۆرە کە نەخۆش کەسێکی تر تووش بکات.

زۆرجار لە کونی میزکردنەوە شلەیەکی ڕوون بە لیشاو دێتە دەرەوە. کەناڵی میزکردن بە ئازارە و کەمێکیش دەخورێ یان دەکزێتەوە. هەندی جاریش ئەو شلەیە لە شێوەی دڵۆپێکدا دێتەدەرەوە و لە کاتی میزکردندا ئازاری نەخۆش دەدات. زۆرجار هەوکردنی سەرگونەگلاندبەڕێژەی ٥٪یان هەوکردنی پرۆستاتیش بەدی دەکرێت. لە ژناندا ناتوانرێ ماوەی کرکەوتن دیاری بکرێت و زۆربەی زۆری تووشبوانیش بێنیشانەن، بەلام لە٧٥٪ی تووشبوان ماوەکەیان لە نێوان ٨ -١٥ڕۆژدایە. هەروەها زاماڵ دەئاوسێت و شلەیەکی لینجیش لە گولینکیان دێتە دەرێ.

## ڕێڕۆی کلاميديا

بە گشتی باشە و بە هۆی دەرمانەوە دەتوانرێت چارەسەربکرێت.

# لیمفۆگرانولۆم

لە ساڵی ١٩١٣دا بۆ یەکەمجار لە سەرنەخۆشییەکە نوسراوە . پێشتریش بە نەخۆشی نیکۆلاس و ڤالتیر، چوارەم نەخۆشی زایەندی ناسراوە .

## هۆی لیمفۆگرانولۆم

میکرۆئۆرگانیسمێکی زۆر بچوکە بە نێوی (Chlamydia trachomatis) . قەبارەکەی نزیکەی چارەکە مایکرۆنێک دەبێت . تووشبون بە هۆی ٣ جۆری سێری باکتریاکەوە دەبێت کە ئەمانەن (L1 , L2 , L3) ، ئەوەی ڕاستی بێت جۆری L2 زیاتر بلاوە .

## پەتازانی لیمفۆگرانولۆم

نەخۆشییەکە بە هۆی پەیوەندی زایەندییەوە دەگوێزرێتەوە ،نەخۆشییەکە لە ٦٪ی نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان دەگرێتەوە ،بە زۆری لە تایلاندو وولاتانی ئەمریکای باشوردا لە تەشەنەکردندایە .

## نیشانەکانی لیمفۆگرانولۆم

ماوەی کرکەوتنی باکتریاکە لە نێوان ١ - ٢٠ ڕۆژدایە، بە زۆری برینەکە لە پیاودا دەردەکەوێ .هەوکردنی گلاندە لیمفاویەکان لە پیاودا زیاترە و بە دەگمەن لە ژناندا دەردەکەوێ، سورهەڵگەڕانی پێست. هەروەها هۆمۆرەگەز بازەکان تووشی خوێن بەربونی کۆم و ڕێکە دەبن . لە ٧٪ی نەخۆشەکان برینەکانیان لێ خراپ دەکات و تووشی نەخۆشی گەورەبونی ئەندامەکانی زا و زێ دەبن .

## ڕێڕۆی لیمفۆگرانولۆم

دەتوانرێت بە هۆی دەرمانەوە چارەسەر بکرێت .

هەواڵنامەی کتێب

# نەرمە برین

یەکێکە لەو نەخۆشییانەی لە شێوەی بریندا لە سەرئەندامی زاوزێی دەرەوە دەردەکەوێ، ڕێگەی سەرەکی گواستنەوەی باکتریاکە زایەندییە .

## هۆی نەرمەبرین

باکتریایەکی زۆربچوکە بە نێوی(Haemophylus ducrey) .

## پەتازانی نەرمەبرین

بە زۆری نەخۆشییەکە لە وولاتە گەرمەکاندا دەبینرێت ، بەلام لەم سالانەی دواییدا بە هەموو جیهاندا بلاوبۆتەوە . لە سالی ١٩٧٠دا بە زۆری لە تورکیا وکەنەدادا بلاوبۆتەوە ولە ئەمریکاشدا سالانە هەزارکەس تووشی دەبن نەخۆشییەکە زیاترلە نێو پیاواندا بەدی دەکرێ وەک لە نێو ژناندا.

## نیشانەکانی نەرمەبرین

ماوەی کرکەوتنی باکتریاکە لە نێوان١ - ١٠ ڕۆژدایە، لەم سالانەی دواییدا ماوەی کرکەوتنەکە درێژبۆتەوە ولە نێوان١ -١٥ڕۆژدا یە. لە ماوەی ٢ - ٥ ڕۆژدا برینێکی ئاودزکراوی شێوە بازنەیی یان هێلکەیی قەراخ ناڕێکی ٣ سم ی دروست دەبێت. ئەمیش لە پێکهاتوویەکی دوو بەش دروست بووە ، بەشی دەرەوەی سورەوبەشی ناوەوەی زەردە . بنکەی برینەکە ڕەقە وزۆر جارلە یەک کاتدا چەندبرینێک دروست دەبێت . ئەم باکتریایە زیاتر برینەکان لە سەرپێست دروست دەکات وەک لە ناوپۆشەکان و تەنها لە١٢٪ ی برینەکان تووشی ناوپۆشەکان دەبن .پێویستیشە نەخۆش بۆ ماوەی ٣مانگ لە ژێر چاودێری دا بێت .

## ڕێڕۆی نەرمەبرین

بەگشتی باشەو بە دەرمان چارەسەردەکرێ و برینەکە سارێژ دەبێت .

# ئەیدز

بریتییە لە نەخۆشی کەمبونەوە و نەمانی بەرگری لەشدژ بەڤایرۆسی HIV . نەخۆشییەکە ماوەی ١٤ساڵدەبێت ناسراوە ،زۆرنهێنی هەیەتا ئێستا زانست پەی پی نەبردوە .لەبەرئەوەی کوتانێک دژبە ڤایرۆسەکە نەدۆزراوەتەوە و هەروەها دەرمانێکیش نیە بۆ کوشتنی ڤایرۆسەکەو نەخۆشییەکەش زۆر بە خێرایی بڵاودەبێتەوە .بۆیە بۆتە هۆی پەیدابونی ترس و نائارامی لەدڵی مرۆڤدا .
لە ساڵی ١٩٨٢دا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بڕیاری داکە هەوکردن بەڤایرۆسی HIV و نەخۆشی ئەیدزبە نەخۆشی درمی زایەندی بدرێتەقەڵەم .

هۆی تووشبوون بە نەخۆشییەکە


بۆ یەکەمجارلە٢٦ی مارتی ١٩٨٦دا زانستییانە پەنجەبۆ ڤایرۆسەکە ڕاکێشراوە لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٤داوا قەبلێنرا کە ڕۆژانە٦هەزارمرۆڤ تووشی ڤایرۆسە کە دەبێت کەهۆی سەرەکی نەخۆشی ئەیدزە .
لەکۆتایی مانگی سەپتەمبەری ئەمساڵدا لەکۆنفرانسی بەرگری‌زانی سان فرانسیسکۆدا شارەزایان ڕایانگەیاند کەزانستیانە ٣جۆری سەرەکی ڤایرۆسەکە جیاکراوەتەوە ،بەڵام هەریەکێکیان چەند جۆرێکی سێری جیاوازیان هەیە کە دەبنە هۆی نەخۆشی ئەیدز کە ئەمانەن :

١) ڤایرۆسی HIV 1

ئەم جۆرە ڤایرۆسە لە هەموو جیهاندا بلاوەو ٨ جۆری سێری هەیە کە ئەمانەن(A, B, C, D, E, F, G, H) هەریەکێکیش لەم جۆرە سێریانە تایبەتە بە وولاتێک یان بە چەندوولاتێک،وەک جۆری سێری B تایبەتە بە ئەمریکا و ئەوروپا وجۆری F تایبەتە بە وولاتانی زائیر و ڕۆمانیا .

**٢) ڤایرۆسی HIV 2**

**ئەم جۆرە زیاتر لە خۆرئاوای ئەفریقادابڵاوە ، ئەمیش ٥ جۆری سێری هەیە کە ئەمانەن (A, B, C, D, E) و هەریەکەیان لە وولاتێکدا هەن .**



**وێنەی ٤: ڤایرۆسی HIV**

**٣) ڤایرۆسی HIV- 0**

**ئەم جۆرە نوێییەکە لە ساڵی١٩٩٤دا لە فەرەنسادا جیاکرایەوە لە گابۆن و کامیرۆندا بڵاوە و گەیشتۆتە ئەورووپا ، ئەمیش٣ جۆری سێری هەیە کە ئەمانەن (01,02,03) کە لە ڕۆژئاوای ئەفریقادا هەن. هەرئەمساڵ لە سان فرانسیسکۆ توێژاران زیاترئەوڕاستییەیان ڕوونکردەوە کە جیاوازی جۆرە سێریەکانی ڤایرۆسەکە گەورەترین گیروگرفتن لە ڕێگای دۆزینەوەی کوتانێکدا و تا ساڵی. . .٢ مەحاڵە بتوانرێ کوتانێک دژبە ڤایرۆسەکە بدۆزرێتەوە .**

## پەتازانی نەخۆشییەکە

**ئەوەی شایانیباسە هەوکردنبە ڤایرۆسەکە ونەخۆشی ئەیدز هەموو جیهانی**

گرتۆتەوە بە بێ جیاوازی نەژاد ودین و وولات وزمان...هتد. هەروەها ئەمرۆ ڤایرۆسەکە زێدە تر وولاتانی ئاسیای گرتۆتەوە ،بۆ نمونە هەموو شەوێک لە وولاتی تایلاندا هەزار کەسی نوێ تووشی ڤایرۆسەکە دەبێت. واش قەبلێنراوە چەند ساڵێکی تر ژمارەی تووشبوانی ئاسیایی لە ژمارەی تووشبوانی ئەفریقایی زێدە تردەبێت، لە وولاتانی ئەوروپادا بەتایبەتی فەرەنسە تا ١٩٩٤/٦/١ ژمارەی تووشبوانی تۆمارکراو بە ڤایرۆسەکەگەیشتبوە ١٥ هەزارو رۆژانەش ١٥ ئەیدزدار دێنە مردن. لە کۆتایی ئۆگوستی ١٩٩٥ دا رێکخراوی تەندروستی جیهانی ژمارەی هەڵگرانی بە ڤایرۆسەکە بە ١٨ملیۆن قەبلاند، لەمانە ملیۆن و نیوێکیان منداڵن و ٤ملیۆن و نیویان بە تەواوی ئەیدزدارن، هەمان سەرچاوە ئەوراستییەی روون کردەوە کە تا ساڵی... ٢ ژمارەی تووشبوان بە ڤایرۆسەکە دەگاتە. ٤ ملیۆن و ١١ ملیۆنیان دانیشتوانی ئەفریقان، هەروەها ڤایرۆسەکە زۆر بەخێرایی لە باشورو باشوری رۆژهەلاتی ئەفریقادا بلاوده بێتەوە. لە کۆنگرەی جیهانی مانگی سەپیەمبەری ئەمساڵدا کە لە بانکۆکی پایتەختی تایلاندا گیراو بۆیەکەمجار (٦٦) وولات بەشداریان تیادا کرد، هەمان رێکخراو رایگەیاندکە نزیکەی لە ٢٥ ٪ی ژمارەی تووشبوانی جیهان لە ئاسیادا دەژین ئەمەش ئەوراستییە دەسەلمێنێت کە ئەمرۆ ڤایرۆسەکە لە وولاتانی ئاسیاشدا زۆر بە ئاسانی و خێرایی بلاودەبێتەوە.

> گەر ڤایرۆسەکە بە رێگای زایەندا بگوێزرێتەوە ئەوا ماوەی کرکەوتنی ڤایرۆسەکە درێژترە ومرۆ درەنگتریش تووشی ئەیدز دەبێ و ماوەیەکی درێژتریش دەژی !!

> گەر ڤایرۆسەکە بە رێگای خوێندا بگوێزرێتەوە ئەوا ماوەی کرکەوتنی ڤایرۆسەکە کورتترە و مرۆ زووتر تووشی ئەیدز دەبێت و ماوەیەکی کورت تریش دەژی !!

## ڕێگاکانی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە

زانستیانە سەلمێنراوە کە ڤایرۆسەکە بەم ڕێگایانە دەگوێزرێتەوە :

١) ڕێگای زایەندی (لە پیاوەوە بۆ پیاو ، لە پیاوەوە بۆ ژن ، لە ژنەوە بۆ پیاو) ، لە نێوان هۆمۆ و هێترۆ ڕەگەزبازەکاندا زیاتر بڵاوە .

٢) ڕێگای خوێن، وەرگرتنی خوێن یان پێکهاتووی خوێنی هەوکردوو بە ڤایرۆسەکە دووبارە بەکارهێنانەوەی دەرزی خوێنهێنەری پاکژ نەکراوەوە دەبێت .

٣) ڕێگای تووش بونی پێزە کاتێ لە ناو زامالدایە (لە ڕێگای وێلاشەوە)، منداڵ لە کاتی لەدایک بووندا یان بە ڕێگەی شیری دایکەوە ڤایرۆسەکە دەگوێزرێتەوە .

٤) ڕێگای چاندنی ئەندامێکی نەخۆش لە یەکێکی ساخدا وەک گورچیلە ، دڵ .. هتد

## نیشانەکانی نەخۆشییەکە

بە گشتی ماوەی کرکەوتنی ڤایرۆسەکە درێژە ،گەر ڤایرۆسەکە بە ڕێگای خوێندا بگوێزرێتەوە ئەوا ماوەکە لە نێوان١ -٣مانگدایە، خۆ ئەگەر ڤایرۆسەکە بە ڕێگای زایەندیدا بگوێزرێتەوە ئەوا ماوەکە درێژترە و لە نێوان ١ -١٤مانگدایە . هەروەها دژەتەنی تایبەتی دژبە ڤایرۆسەکە لە ماوەی ٦ تا ١٢هەفتەدا لە خوێندا دەستنیشان دەکرێ .لە ڕاستیدا ئەو کەسەی کە هەڵگری ڤایرۆسەکەیە ماوەیەکی زۆرهیچ نیشانەیەکی لێدەرناکەوێ، زۆرجارهەڵگری ڤایرۆسەکە ماوەی٥ - ١٠ساڵ بێنیشانەیە . لە بەرئەوەی کە تووشبوو پێنازانێ هەڵگری ڤایرۆسەکەیە یان بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکا بە یەکێک لەو ڕێگایانەی سەرەوە کەسانی تر تووشی ڤایرۆسەکە دەکات ، بەو شێوەیە ڤایرۆسەکە بڵاودەبێتەوە . دەتوانین بڵێین لەو ماوە درێژەدا چەندنیشانەیەک لەنەخۆشدا کەڵەکە دەبن کە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی ترلە ڕووی تەمەن و ڕەگەزو توندی وئاڵۆزی وخێرایی دەرکەوتنی نیشانەکانەوە جیاوازە ، لە ساڵی ١٩٨٨دا شارەزایانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەم شێوەیە نیشانەکانیان نووسیوە :

هەولێرنامەی کتێب

١) یەکەم هەوکردن

هەڵگری ڤایرۆسەکە ئەم نیشانانەی هەیە(تالێهاتن ماوەی٣ -١٤ڕۆژ، ئارەقەکردن، ئاوسانی گلاندە لیمفاویەکان ،ئازارلە جومگە وماسولکەکاندا ، جاری وا هەیە تووشبوو گەروشی دەیەشێت)

٢) جۆرەگچکەکانی هەوکردن

تا حەوت ساڵان پاش یەکەم هەوکردن، لە. ٥٪ی تووشبوان بە تەواوی بێنیشانەن، لە. ٣٪ یان گلاندە لیمفاویەکانیان هەڵدەئاوسێت و هەندێکی تریان بە دەست سوکەتایەکەوە دەناڵێنن، شەو ئارەقە دەکەنەوە، لاواز و بێهێز دەبن ،هەروەها تووشی ژانە سەرو سکچونیش دەبن کە بە دەرمانی ئاسایی چارەیان ناکرێ. زۆرجار خوراندنی لەش نەخۆش وەڕس دەکات،هەروەها ئەم خوراندنە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بریندار بوون وهەوکردنی پێست و ناوپۆشی دەمدا .

٣) نەخۆشییەتێکەڵەکان

نەخۆشییە تێکەڵەکان یان نزیکەکانیان بە ڕێژەی لە. ١٪ تووشی ئەیدزدار دەبن ودووجۆرنیشانەیان هەیە :

# نیشانەی تێکەڵاو، .١٪ی کێشی نەخۆش کەم دەبێتەوە ،تالێهاتن (زیدەتر لە٣٨پلە )وسکچوون بۆماوەی مانگێک و ئاوسانی گلاندە لیمفاوییەکان.. هتد.

# هەوکردنی باکتریایی ئاڵۆزوەک سیل ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆ ئەندامی بەرگری ناتوانێ چیتر بەرگری لە لەش بکات .

٤) ئەیدزی تەواو

بریتییە لەکەمبونەوە و نەمانی بەرگری لەش پاش هەوکردن بە ڤایرۆسەکە لە قۆناخێکی درەنگتردا و پاش بێهێزبوونی کۆئەندامی بەرگری ئەیدزدار تووشی هەندێ نەخۆشی هەلپەرست دەبێت.

لێرەدا مەبەستمان لەوەیە کە سێری نەخۆش پۆزەتیفە ومرۆ تووشی کۆمەڵێ نەخۆشی تر بووە و گرنگترینیان ئەمانەن: تامیسک،تامیسکی زۆستەر،ڤایرۆسی پاپیلۆم،کاندیدەی ناودەم و جۆرەها باکتریا ، هەندی جار ئەیدزدار تووشی هەوکردنی ڤایرۆسیش دەبێت .

نیشانە دەماری و دەرونیەکانیش لەم حاڵەتەدا (پاش هەوکردنی پەردەی مەننگ) بریتین لە :توڕەیی و هەڵەشەیی،لەهۆش خۆچوون، گۆڕان لەکەسایەتی نەخۆشدا،جاری وا هەیە ئەیدزدار تووشی گەشکە دەبێت. هەروەها شەپلەداری دەمارەکانی مێشک، هەوکردنی دەمارەکان و نیشانەی تریش بە دی دەکرێ.

شێرپەنجەی لاوەکی وەکو سارکۆمی کاپوسی یەکێکە لەو نیشانە گرنگانەی کە بۆ دەستنیشانکردنی ئەیدز زۆر بە سودە ،ئەو ئەیدزدارەی کە ئەم سارکۆمەی تیادا دەستنیشانکرا ئەوا نزیکەی ٢٩ مانگ دەژی .

هەوکردنی سییەکان بە پرۆتۆزۆر لە ٨٥٪ ە و هەوکردن بە میکۆباکتریای سیل زۆرە ،گرنگترین نیشانەی هەوکردنەکانی گەدەو ڕیخۆڵەش بریتین لە بەردەوام سکچوون، بەدخۆراکی و کەمبونەوەی کێشی لەشی نەخۆش .

## دەستنیشانکردنی ڤایرۆسەکە

ناسراوترین و هەرزانترین ڕێگەکە ئەمرۆ لە هەموو جیهاندا بەکاردەهێنرێ بۆ دەستنیشانکردنی ڤایرۆسەکە بریتییە لە ڕێگەی ELISA ، بە هۆی ئەم ڕێگایەوە دەتوانین دژەتەنی تایبەتی ڤایرۆسەکە دەستنیشان بکەین .

هەروەها جیاکردنەوەی ڤایرۆسەکەش ڕێگایەکی ترە، بەڵام لەبەرگرانی و ماوەبردنی زۆرزێدە ترلە جیهاندا ڕێگای یەکەم باوە . ئەم تێستەش بە دەگمەن بە هەڵەدەستنیشانی دژەتەنەکان دەکات و نوژداربە هەڵەدادەبات ، جالە بەرئەوە بۆدڵنیابوون لە تێستی یەکەم زۆرجار تێستی(WB)

بەکاردەهێنرێ کە زۆر هەستدارترە لە تێستی یەکەم .

دەستنیشانکردنی ئەیدز

بەلایەنی کەمەوە ٢ نیشانەی گەورە لەگەڵ ١ نیشانەی گچکەدا (بینراو یان هەست پێکراو) لە نەخۆشدا بڕیارلە سەر دەستنیشانکردنی ئەیدز دەدەن.

نیشانەگەورەکان :

- کەم بونەوەی کێشی لەشی نەخۆش زیدەتر لە ١٠٪ .
- سکچوونی درێژخایەن زیدەتر لە مانگێک .
- ژانەسەر(نەگۆڕیان بەردەوام) زیدەتر لە مانگێک .

نیشانە گچکەکان :

کۆکەی بەردەوام ،هەوکردنی پێست ،تامیسکی زۆستەر،کاندیدەی ناودەم وگەروو ،تامیسکی لالێو، هەڵئاوسانی گلاندە لیمفاویەکان .

بەڵام بوونی سارکۆمی کاپوسی و هەوکردنی پەردەی مەننگ بەکریپتۆکۆکوس بە تەواوی نەخۆشی ئەیدز دەستنیشان دەکات .

خۆپاراستن

پێویستە هەموو کەسێک بەگشتی و نوژدار و کادرانی نەخۆشخانەکانیش بە تایبەتی خۆیان بپارێزن کاتێک لە نەخۆشخانەدا یان لە تاقیگادا مامەڵە لەگەڵ خوێندادەکەن، لە بەرئەوەی تا ئێستا هیچ دەرمانێک نیە کە بتوانێت ڤایرۆسەکە لەناو بەرێت ،هەرچەندە هەوڵدان بۆدۆزینەوەی دەرمانیکی بەکار هەربەردەوامە .

ڕێڕۆی ئەیدز

بەگشتی کوشندەیەو لە ژێرچارەکردندا تەنها دەتوانرێت درێژە بە ژیانی نەخۆشەکە بدرێت دەنا پاش دەستنیشانکردن نەخۆش ماوەیەکی نادیاردەژی.

هەواڵنامەی کتێب

# تامیسک

یەکێکە لەو نەخۆشییە زایەندییە ڤایرۆسییانەی زۆر بڵاوە . بۆیەکەم جار لە ساڵی ١٧٣٦دا باسی لێوە کراوە ، تا ئەمڕۆ ٧ جۆری ڤایرۆسەکە تایبەتە بە مرۆڤ وگرنگترینیان ئەمانەن: (HSV 1, HSV 2 , VZV, EBV, CMV) بەڵام جۆری HSV 2 تایبەتە بە باسەکەمان .

## هۆی تامیسک

ڤایرۆسێکە نێوی (HSV) ە، سەربەخێزانی ڤایرۆسی هێرپسە و گەورەیە وترشە ناوکی جۆری (DNA) یان هەیە .

تیرەکەی نزیکەی . ١٠-١١٠ نانۆمیترە ، دوو جۆریشن :

- جۆری یەکەم واتە تامیسکی ئاسایی ، بەرێژەی ١٢٪ دەبێتە هۆی هەوکردن و برین لە سەروو ناو قەدەوە ، لێوەکان ، پوک و مێشک دەگرێتەوە .

- جۆری دووەم واتە تامیسکی زاوزێ ، بە رێژەی لە ٨٨٪ دەبێتە هۆی هەوکردن و برین لە خواروو نێو قەدەوە .

## پەتازانی تامیسک

ڕۆژ بەڕۆژ هەوکردنەکە لە پەرەسەندن و بڵاوبونەوەدایە . ساڵانە لە ئەمریکا نزیکەی. ٢ملیۆن کەس تووشی ئەم ڤایرۆسە دەبن و ئەم ژمارەیەش لە ژمارەی سوزەنکداران زۆرزێدەترە ، واتەدەگاتە ڕێژەی لە ١٣٪ی هەموو نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان .

## نیشانەکانی تامیسکی زاوزێ

١) یەکەم هەوکردن: لێرەدا باسی جۆری دووەم دەکەم کە زیاتر بڵاوە .

ماوەی کرکەوتنی ڤایرۆسەکە لە نێوان ٣ - ٢٠ ڕۆژدایە .

ئەوشوێنەی کەبخورێت پاشتردەبێت بە بڵق و برین، برینەکەش دەکزێتەوە و زۆربە ئازارە . پاشان چەندبڵقێک دەردەکەوێ وناو بڵقەکان شلەیەکی ڕوونی تێدایە ، بڵقەکان بە کۆمەڵ لە تەک یەکدان پاش چەندڕۆژێک ئەوشلە ڕوونەی ناو بڵقەکە لێڵ دەبێ و گۆپکەی بڵقەکە پێست هەڵدەدات و پاشتریش بڵقەکە دەتەپێت و ڕوویەکی گرنج بەجێ دەهێڵێ کە درەنگتر کوێردەبێتەوە ونامێنێ. لە پیاودا برینەکە زیاتر لە سەرگلاندو ملی نێوان پۆپە و بەشەکەی تری کێردایە، زۆرجار ئەم هەوکردنە دەبێتە هۆی دەردانی شلەیەک کە زۆربە ئازارە و ژان دەخاتە دڵی نەخۆشەوە .لە مێیەدا برینەکە لە سەرگەورە لێوەکانی گولینک و لە دەوری کۆمدا دەردەکەون .

لە ٣٠٪ی نەخۆشەکان ئەم نیشانانەیان هەیە: تالێهاتن، بێهێزی، ئازاری ماسولکەو ژانەسەر. لە ٥٠٪ی یان گلاندە لیمفاویەکانیان دە ئاوسێ و بە ئازارن .لە٢-٣٪ ڤایرۆسەکان ئەندامەکانی زاوزێ ومێشک تووش دەکەن .



وێنە ٥: تامیسکی زاوزێ ی سەرهەڵداوە

٢) جۆرە سەرهەڵداوەکان:نزیکەی٣/٢ی نەخۆشەکان تووشی هەوکردنی زاوزێ و زایەندی دەبن وچاکیش دەبنەوە! نزیکەی٣/١ی نەخۆشەکان

ڤایرۆسەکەیان لە لەشدا دەمێنێتەوە و زوو زووش برینەکە لە هەمان شوێندا سەرهەڵدەداتەوە . ماوەی نێوان یەکەم برین وسەرهەڵدانەوەی برینەکە لە نێوان ۱۲. - ۳٦. ڕۆژدایە و پاش ۱. ڕۆژیش برینەکان ووشک دەبن .

### ڕێڕۆی تامیسک

بە پێی جۆری ڤایرۆسەکە دەگۆردرێت ، بە گشتی ئەمیش چارەی نییە !

## نەخۆشی ئاشقان

ئەمیش یەکێکە لە نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان، هەوکردن بە ڤایرۆسەکە دەبێتە هۆی نەخۆشی مۆنۆنوکلیۆزکە تایبەتە بە لاوی ۱٥ - ۲٥ ساڵی .

### هۆی نەخۆشییەکە

ڤایرۆسێکە بە نێوی (Epstein-Barr virus) ە ، و چوارەم ڤایرۆسی هێرپسە .

### پەتازانی

لە هەندێ وولاتدا لە ۱.. هەزار کەس ٤٥ کەسیان ئەم نەخۆشییەیان هەیە نەخۆشییەکە لە ۸. ٪دا تووشی لاوان دەبێت. هەروەها ڤایرۆسەکە لە ڕێگەی لیکی ناودەمەوە ڕاستەوخۆ لەکاتی ماچ کردندا دەگوێزرێتەوە .

### نیشانەکانی نەخۆشی ئاشقان

ماوەی کرکەوتنی ڤایرۆسەکە لە نێوان ٤ تا ۸ هەفتەدایە، هەندێ جار نیشانەکانی وەک : تالێهاتن، لاوازی وبێهێزی، ماسولکە ژانکردن، ئاوسانی گلاندە لیمفاویەکان بەتایبەتی گلاندەکانی لامل لە ٦ هەفتەدا دەردەکەون. نیشانەی سەرەکی ئەم هەوکردنە ملەخرێیە " لەوزە تێن " کە زۆ هەڵ دەئاوسێن ودرۆزنە پەردەیەکی زۆر تەنک دایان دەپۆشێت، نەخۆش لە کاتی خۆراک جووین و قووتداندا ئازاری زۆری هەیە ، هەروەها هالاوی

دەمـیش بۆنێکی زۆرناخـۆشی لـێـدێ . زۆرجـارجگـەرو لە ٨٪دا سـپڵـیش گەورە دەبێت . لە ماوەی ١ -٣ هەفتەدا نەخۆشەکە چاک دەبێتەوە .

**ڕێڕۆی نەخۆشییەکە**

بەگشتی باشە و هەوکردن بەم ڤایرۆسە کوشندە نییە .

| |
|---|
| ڤایرۆسیجۆری٢ و٤ زۆربڵاون لە نێو نەخۆشییە زایەندییەکاندا ، هەروەها جۆری پێنجەمیش دەبێتە هۆی نەخۆشیدرمیزایەندی . |

هەواڵنامەی کتێب

## ڤایرۆسی پاپیلۆم

هەوکـردن بە ڤـایرۆسی پاپیلۆمـیش وەک نەخـۆشـیـیـە درمـیـیـە زایەندییـە کانی تربڵاوبۆتەوە و ڕۆژانە لە زیادبوندایە و بە "نەخۆشیدوا ڕۆژ" ناسراوە .

**هۆی پاپیلۆم**

ڤـایرۆسـێکە بە نـێـوی (Human papilloma virus) ، تا ئـەمـڕۆ ٤٦ جـۆری ڤایرۆسەکەدەستنیشانکراوە ،هەرجۆرێکیش دەبێتە هۆی برینێک.

بۆنمونەجۆری ژمـارە١دەبێتـە هۆی بالوکـەی پێ، هەروەها ژمـارە ٣ دەبێتـە هۆی بالوکەی تەخت یان بالوکەی پان .

لەکۆنگرەی پاریسی ساڵی١٩٨٦ دا ڕوونکرایەوە کە :

جۆرەکانی ٦ و١١دەبنە هۆی کۆندیلۆم وکۆندیلۆمیدەمی زامال .

بەڵامجـۆرە کـانی ١٦، ١٨، ٣١ و٣٣ دەبنەهۆی شـێـرپەنجـەی زامـال.

## پەتازانی پاپیلۆم

زانستیانە سەلمێنتراوە ڤایرۆسەکە لە ڕێگەی زایەندیەوە دەگوێزرێتەوە . لەم سالآنەی دواییدا نەخۆشییەکە بە ڕێژە یەکی زۆرلە ئەمریکادا بلاٌوبۆتەوە ، هەروەها لە ئەوروپا و ئەمریکای خواروشدا لە زیادبوندایە . ڕێژەی تووشبون بە پاپیلۆم دەگاتە لە ٦٪ی سەرجەمی نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان .

## نیشانەکانی پاپیلۆم

ئەمریکایەکان ماوەی کرکەوتنی ڤایرۆسەکەیان لە نێوان ١ -٨ مانگدا قەبلاندوە ،هەروەها لە ٣٪ی نەخۆشەکان نیشانەدارن وگرنگترین نیشانەکانیش ئەمانەن :

هەست کردن بەخوراندنی شوێنێک کە پاشتر دەبێتە برین ،خوێن بەربوونێکی کەمی گولینک یان گلاندی پێنیان ،هەروەها شێوەی پێکهاتوەکان جیاوازە لە سەرەتادا بچوکن وڕەنگیان سپی- پەمبەیی یە ورووی سەرەوەیان گرنج گرنجە ، زۆرجارئەم پێکهاتوانە هەلٌدەدەنەوە بەزۆری دەکەونە دەوروبەری کۆم، پۆپەی کێر ،گولینک، زۆرجاریش لە سەرکێر هەلٌدەدەنەوە

## ڕێڕۆی پاپیلۆم

ئەم جۆرە هەوکردنە تەنها بە ڕێگەی کیمیاوی چارەدەکرێ .

هەولێرنامەی کێتێر

## زەردوویی B

ژمارەیەکی زۆر ڤایرۆس هەن دەبنە هۆی (زەردوویی) زامی جگەر، شەشیان سەرەکین کە ئەمانەن : (A, non-A non-B, B, C, D, E) ئەم ڤایرۆسانە زۆر سامناکن، بەڵام تەنها جۆری B یان تایبەتە بە باسەکەمان.

### هۆی زەردوویی B

ئەم ڤایرۆسە سەر بە خێزانی (Hepa DNA virus) ە ، کە ٣ جۆر ئەنتیجینی تایبەتی هەیەو هاوکات لەش دژ بەم ئەنتیجینانە ٣ جۆر دژەتەن دروست دەکا تیرەی ڤایرۆسەکە ٤٣ نانۆمیترەو بە پەردەیەکی ٧ نانۆمیتری دەورە دراوە .

### پەتازانی

تەنها لە ئەمریکادا ساڵانە نزیکەی. . ٢ هەزار کەس تووشی ئەم جۆرە زەردووییە دەبن ، هەروەها نەخۆشییەکە لە ئەورووپاش هەس. نزیکەی لە ٢. ٪- .٣ ٪ ی دانیشتوانی ئەورووپا لە قۆناخێکی ژیانیاندا تووشی ئەم جۆرە زەردووییە دەبن . بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی تەندروستی جیهانی نزیکەی ٢٣٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا تووشی ئەم ڤایرۆسە بوون .

زایەند یەکێکە لە رێگا سەرەکییەکانی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە چونکە ڤایرۆسەکە لە سپێرم و شلەی ناو گولینکی تووشبوودا هەیە .هەروەها لە نێو نەخۆشییە زایەندییەکاندا پاش فەرەنگی و سوزەنگ ئەم جۆرە زەردوویە بە پلەی سێهەم دێت .

### نیشانەکانی زەردوویی B

ماوەی کرکەوتنی ڤایرۆسەکە لە نێوان ٢ - ٣ مانگدایە . ئەم جۆرە زەردووییە کە بە رێگەی زایەندا دەگوێزرێتەوە کەم نیشانەیە ، هەفتەیەک پێش رەنگ زەردبوون، واتە لە سەرەتادا نەخۆش تووشی گیروگرفتی هەرس و

بێهێزی، خەفەتباردەبێت و جومگەکانی ژان دەکات، پاشان نەخۆش بۆ ماوەی ۲ رۆژێک رەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ، ئەوسا نەخۆش بە بێهێزی و کەم نیشانەیی دەمێنێتەوە .

دەستنیشانکردن

بە پێی نیشانەکان، جۆری زەردبوونی رووخسارو سپێنەی چاو و پەتازانی دەبێت. بەڵام بۆزیاتردڵنیابوون تێستی سێری بۆ دەستنیشانکردنی دژەتەنی دژ بە ڤایرۆسەکە زۆربە سودە.

رێرۆی نەخۆشییەکە

بەگشتی باشە بەڵام ئەمیش وەکو نەخۆشییە ڤایرۆسییەکانی تر چارەی نییە

## میکۆپلاسما

ئەم میکرۆئۆرگانیسمە لە ساڵی۱۸۹۸دا جیاکراوەتەوە ، لە ساڵی ۱۹٤. دا لە شلەی گولینکی ژندا جارێکی تر ناسراوەتەوە وجیاکراوەتەوە.

هۆی میکۆپلاسما

میکرۆئۆرگانیسمێکی زۆر بچوکە و هەندێ سیفاتی باکتریایی و هەندێکی ڤایرۆسی تێدایە. سیازدە جۆرمیکۆپلاسما هەیە کە مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەکەن بەڵام جۆری (Ureaplasma urealyticum, Mycoplasma hominis) زیاتر لە جۆرەکانی تردەبینرێت و یەکەمیان تایبەتە بە باسەکەمان .

پەتازانی

زانستیانە سەلمێنراوە ئەو دوو جۆرەی کە ناویران زایەندین و هەربەو رێگایەدا دەگوێزرێنەوە . میکۆپلاسما لە منداڵدا بەدی ناکرێ، تەنها لەو منداڵانەدا نەبێت کە پێشتر دایکیان هەڵگری میکۆپلاسما بووبێت .

## نیشانەکانی میکۆپلاسما

لە ٨٠٪ی نەخۆشەکاندا ماوەی کرکەوتنی میکۆپلاسمایان نادیارە . لە هەندێ باردا لە نێوان ٣ - ٣٠ ڕۆژدا قەبڵێنراوە .

نیشانەکان لە مێینەدا :

ئەمانیش بریتیین لەسوربونەوەی گولینک، ئازارو کزانەوە لە کاتی میز کردنداو هاتنەخوارەوەی شلەیەک لە گولینک .

نیشانەکان لە نێردا :

ئەمانیش بریتیین لە هاتنەخوارەوەی دڵۆپێک‌یان شلەیەکی‌لینج لە کونی میزکردن و جارجاریش سپێرم دڵۆپە خوێنی تیادایە . هەروەها تەنها نوژدار دەتوانێت بڕیاری هەڵبژاردنی دەرمان بدات ،

## ڕێڕۆی میکۆپلاسما

بەگشتی باشەو بە پێی جۆری هەوکردنەکە چارەسەرکردنیش دەگۆردرێ .

## تریهۆمۆناس

یەکەمجارلە ساڵی ١٩٣١دا لەسەرئەم پاراسیتە نوسراوە ،کە قامچیدارێکە و دەبێتە هۆێ هەوکردنی کۆئەندامی‌میز و زاوزێ ، هەرلە ساڵی ١٩٨١ وە بە نەخۆشییەکی درمی زایەندی دراوەتە قەڵەم .

## هۆی تووشبونی تریهۆمۆناس

بریتییە لە پاراسیتێکی قامچیدارکە نێوی (Trichomonas vaginalis) ە ، تا ئەمرۆ ٩٣ جۆرقامچیدارجیاکراوەنەتەوە ،بەڵام تەنها (T. vaginlis) یان تایبەتە بە باسەکەمان ،کە قامچیدارێکی گەورەیە .

پەتازانی

هەردوو ڕەگەزەکە لەڕێگەی پەیوەندی زایەندییەوە تووشی ئەم قامچیدارە دەبن .لە ئامارێکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیدا دەردەکەوێت سالانە نزیکەی ٨ - ١٠ ملیۆن کەس تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن ، هەرلە٤ ژن یەکێکیان لە قۆناخێکی ژیانیدا تووشی ئەم قامچیدارە دەبێت .

نیشانەکان


ماوەی کرکەوتن بە گرانی دیاری دەکرێت ، زۆرجار لە نێوان٤ - ٣٠ ڕۆژدایە

نیشانەکان بە پێی جۆری نەخۆشییەکە

١) جۆری توند: سووربوونەوە و ئاوسانی گولینک و میتکە ، لە کاتی پەیوەندی زایەندی دا ، نەخۆش هەست بە ئازاردەکات و شلەیەکی لینجی زۆر لە گولینک دێتە دەرەوە ، میز زۆردەکات و دەکزێتەوەو بە ناڕەحەتیش میزدەکات .

٢) جۆری ژێرتوند: لە ١٠٪ - ٧٠٪ی تووشبوان شلەیەکی سپی وەک کەف یان ڕەنگ زەرد لە کونی میزکردنەوە دێتە دەرەوە .

٣) جۆری بێنیشانە: لە ١٥٪ - ٢٠٪ ی تووشبوان بێنیشانەن .



وێنەی ٦: قامچیداری تریهۆمۆناس

ئەوەی شایانی باسە چەند جۆرێکی تریش هەن وەک : جۆری ئازاردار، جۆری خویناوی و جۆری تێکەڵ بوو بە گیروگرفتی دەروونی .
لە نێردا ماوەی کرکەوتنەکە لە نێوان ١٠ - ٣٠ ڕۆژدایە .
کونی میزو کەناڵی میزکردن دەخورێ هەروەها لینجاوێکی کێماوی لە کونی میزکردنەوە دێتە دەرێ، زۆرجار نێرە هەڵگری تریهۆمۆناسە و بێنیشانەیە، واتە نازانێ دەتوانێ نەخۆشییەکە بلاوبکاتەوە .

## ڕێڕۆی تریهۆمۆناس

بە ئاسانی بە دەرمان چاک دەبێتەوە بێ ئەوەی شوێنەوار بەجێ بهێڵێ

> لە ماوەی چارەسەرکردندا نابێت بە هیچ جۆرێک مەی بخورێتەوە !!.

## ئەسپێی تووکەبەر


چەندسالێک لەمەوبەر نەخۆشییەکە تەواو لە یادچووبوو، کەچی ئێستا ڕۆژانە چەندان تووشبوی نوێ لە جیهاندا دەستنیشان دەکرێن .

### هۆی پەیدابوونی ئەسپێ

مشەخۆرێکی خوێنمژە بە نێوی (Pediculus humanus)، بە زۆری لەو کەسانەدا بەدی دەکرێ کە تووشی نەخۆشی زایەندی تربوون .
درێژی نێرە ئەسپێ ١ ملم ومێیە ١,٥ ملمە و ڕەنگیان وەنەوشەیی تاریکە و سەریان کورتە و نینۆکی قاچیان زۆربەهێزن و بە هۆی ئەوانەوە خۆی بە مووەکانەوە گیردەکات. تووشبوون بە ئەسپێ نەخۆشییەکی زایەندییە بەدەگمەنیش بە هۆی پێخەفەوە دەگوێزرێتەوە .

## نیشانەکان لە کاتی بوونی ئەسپیدا

نیشانەی سەرەکی کە مرۆڤ وەڕس دەکات بریتییە لە خوراندن کە خەو لە تووشبوو هەراسان دەکات، لە ئەنجامی خۆچەقاندنیدا لە پێست پەڵەیەک یان خاڵێکی شین لە شوێنی خۆگیرکردنەکەدا دروست دەکات کە بە ئاسانی و بە چاو دەبینرێت، بە تایبەتی لە بەرمیزەڵدان ودەوروبەری گونەکاندا. بە دەگمەن لە دەوری کونی پیسایی، ڕیش، بن باخەڵ، سمێڵ، برۆ و برژاندا بەدی دەکرێ ودەتوانرێت بە چاو یان بە هۆی گەردەبینەوە دەبینرێت.



وێنەی ٧: ئەسپێی تووکەبەر

### ڕێڕۆی ئەسپێ

چارەنەکردن دەبێتە گیروگرفت بۆ هەردوو ڕەگەزەکە ومرۆڤ وەڕس دەکات

### چارەسەرکردن

بەم شێوەیەی خوارەوە دەتوانرێت ئەسپێ لە ناوببرێت :

پێویستەمووی بەری تووشبوو پاک بتاشرێ و پاک بکرێتەوەو بۆدرەی تایبەتی (دی .دی .تی) پیادابکرێت. هەروەها دەتوانرێت هەتوانی تایبەتی دژ بە ئەسپێ لە دەرمانخانەکان بکڕدرێ و بەکاربهێنرێ . دەتوانرێت ئەو کارەی سەرەوە دووبارە بکرێتەوە ، هەروەها لە چوارەم ڕۆژدا پێویستە تووشبوو

خۆی پاک بشوات و پێخەف و جلی ژێرەوەی نەخۆش (دە رپێ و فانیلە) بگۆردرێت ،پاشان بۆدرەی دژبە ئەسپێ بکرێ بە جلەکانەوە و بخرێتە ناوکیسەیەکی نایلۆنەوەو دەمی کیسەکە باش ببەسترێ وبۆماوەی ٢ هەفتە بەجێ بهێڵرێت تا ئەسپێکان دەمرن . کاتێک ئەسپێکە برۆ و برژان بگرێتەوە ئەوا پێویستە بە موکێش یەک یەک دەربهێنرێن . پاشان بە هۆشیاری ئۆکسیدی زەردی جیوەی لێبدرێت . پێویستە هاوسەری تووشبوش چارەی خۆی بەو شێوەیە بکات .

## گرۆێیی

هەوکردنێکی زۆردرمییە ، ئەمیش بە نەخۆشی درمیزایەندی ناسراوە .

### هۆی تووشبونی گرۆێیی

جۆرێک پاراسیتە بە نێوی (Sacoptes Scabiei) ، زۆربچوکە و بە زەحمەت بە چاو دەبینرێ ،لە سەر وسنگ پێکهاتووە . بەرپرسیاری سەرەکی نەخۆشییەکە مێیەیە و لە نێرە درێژترە ،مێیە چەند رۆژێک لەدەرەوەی لەشدا دەژی، لە ناو لەشدا ٣ مانگ دەژی بەڵام نێرە کەمتر دەژی و رەنگی سپییەکی مەیلە وزەرد .

### پەتازانی گرۆێیی

نەخۆشییەکی زۆرکۆنە ،لە پاش جەنگی جیهانی دووەمەوە زۆر بە دەگمەن بینراوە ،وا بۆ ١٠ساڵێ دەچێت جارێکی تردەرکەوتۆتەوە و بوە بەگیرگرفت بۆ دانیشتوان پاراسیتەکە بە پەیوەندی ڕاستەوخۆ (بەتایبەتی لە شەودا) و هەروەها بە ڕێگەی زایەندی دەگوێزرێتەوە .


## نیشانەکانی گرووێیی

ماوەی کرکەوتنی پاراسیتەکە لە نێوان ١٤ - ٤٠ ڕۆژدایە ، ئاڵۆش نیشانەی سەرەکی نەخۆشییەکەیە کە ئەم دوو سیفاتەی هەیە :

١) ئاڵۆشەکە بە ئاسانی بۆ هەموو ئەندامانی خێزان دەگوێزرێتەوە .

٢) ئاڵۆشەکە شەوانەیە و خەو لە نەخۆش هەراسان دەکات .

پاراسیتەکە تونێلێک دروستدەکات لە شێوەی پیتی Z دا، ئەمیش چەند ملیمێک درێژە و کۆتاییەکەی داخراوە. لەبارترین کات بۆ دەرکەوتنی خوراندنەکە شەوە وکاتی نوستن، ئەودەمەی نەخۆش خۆی گەرم دادەپۆشێ و ژێرلێفە وبەتانیش تاریکە، خوراندنەکە نەخۆش زۆرووەڕس دەکات و ئەم شوێنانە دەگرێتەوە کۆئەندامی زاوزێ، پێستیدەوروبەری ناوک، ژێرمەمکی ژن، نێوانی پەنجەکان ،دیوی ناوەوەی باسک و ڕان و بن باخەڵ.



وێنەی ٨ : ئاڵۆشەکە ئەم شوێنانە دەگرێتەوە

## ڕێڕۆی گرووێیی

بەگشتی گەربە ئارامی چارەبکرێت جارێکیتر هەڵناداتەوە ، دەنا پشت گوێ خستنیدەبێتە هۆی کێم کردنی پێست و دروست بوونی دومەڵ .

### چارەسەرکردن

نەخۆشییەکە بەئاسانی چاک دەبێتەوە گەر بە ووردی و ڕێک و پێکی چارە بکرێ دە نا جارێکی تریش هەڵدەداتەوە .پێش نوستن پێویستە نەخۆش پاک خۆی بشۆرێت و شەو پێش نوستن هەتوانێک کە لە بنچینەدا مادەی سولفی تیادا هەبێت وەک(Lindane, Tenutex) ،بدات لە هەموولەش جگە لە ڕووخسار. گەرهاوسەری نەخۆش چارەی خۆی نەکات ئەوا پاش چەند ڕۆژێک ئالۆشەکە هەڵدەداتەوە . زۆرجاریش پێویستە ئەندامانی خێزانێک لە یەک کاتدا چارەی خۆیان بکەن .

## کاندیدە

یەکێکە لەو نەخۆشییانەی زۆرجار بە ڕێگای زایەندی دەگوێزرێتەوە .

### هۆی کاندیدە

جۆرێک میکرۆئۆرگانیسمی بچوکە لە خێزانی فونجەکان،لە ساڵی١٨٣٦ دا بە هۆی میکرۆسکۆپەوە دەستنیشانکراوە پێی دەوترێت(Candida albicans) بەزۆری کاندیدە لە نێو گولینک ،دەم و کۆمی پیاویشدا دەستنیشان دەکرێت.

### پەتازانی کاندیدە

کاندیدە بە هۆی سورِی خوێنەوە دەگاتە گولینک یان لە کاتی پیسایی کردندا خۆی دەگەیەنێتە کۆم و ڕێکە .لەم ساڵانەی دواییدا بە زۆری لە ناو هۆمۆ و هێترۆرەگەزیازەکاندا بلاوبۆتەوە و بە باشی بەدی دەکرێت .

### نیشانەکانی کاندیدە

گرنگترین نیشانەکان لە مێیەدا :

* سوربونەوە و ئاوسانی گولینک
* گیروگرفت لە میزکردندا

* بەردەوام خوراندنی گولینک کە دەبێتە هۆی برینداربون و پێست هەڵدان
* شلەیەکی شیری شێوە کرێمی سپی لە گولینک دێتە دەرەوە .

گرنگترین نیشانەکان لە نێردا :
ناتوانرێ ماوەی کرکەوتنی میکرۆئۆرگانیسمەکە دیاری بکرێ ، بەدەگمەن نەخۆشییەکە دەردەکەوێ و گرنگترین نیشانەکانی هەوکردنەکە بریتین لە :

* خوراندنی کەنالی میزکردن * زۆرمیزکردن
* هاتنە خوارەوەی شلەیەکی لینج لە کونی میزکردنەوە .

## ڕێڕۆی کاندیدە

بەگشتی باشە ، بە هۆی دەرمانەوە چارەسەر دەکرێ .

هەواڵنامەی کتێب

## میکرۆئۆرگانیسمەکانی ڕیخۆڵە

لەم ساڵانەی دوایدا زانستیانە سەلمێنراوە کە ئەم میکرۆئۆرگانیسمانە دەبنە هۆی کۆمەڵێ نەخۆشی کە بە ڕێگەی زایەندی لە نێو هومۆرەگەزبازەکاندا بڵاودەبێتەوە، بڵاوترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

* پرۆتۆزۆری ئەنتامۆبیا هیستۆلیتیک
* قامچیداری گیاردیا لامبلیا
* کرمی ئۆکسیرۆس (کرمەکە بە زۆری لە نێو هومۆرەگەزبازەکاندا بڵاوە)
* باکتریای سالمۆنێلا و شیگێلا (لە پیسایی نەخۆشی سکچوودا دۆزراوەتەوە)
* زەردوویی جۆریA (نەخۆشییەکی تری درمی زایەندییە لە هومۆرەگەزبازەکاندا زیندەتر بڵاوە وەک لە هێترۆرەگەزبازەکان)

# خۆ پاراستن

ئەم نەخۆشیانە گیروگرفتێکی گەورەی تەندروستی هەموو کۆمەڵگایەکن ، لە بەر ئەم هۆیەشە لێپرسراوانی خزمەتگوزاری تەندروستی زۆرچالاکانە بۆی کەوتوونەتە کار وزانیاری بلأودەکەنەوە و ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن تاخۆیان لەم نەخۆشییانە بپارێزن .هاوکات کاربەدەستانی خزمەتگوزاری تەندروستی بەردەوام هەوڵی نەهێشتنی بلأوبونەوەی دەدەن. هەربۆیە لێپرسراوانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بڕیاریاریاندا کە پێویستە خۆپاراستن و نەهێشتنی بلأوبونەوەی هەوکردن بە ڤایرۆسی HIV و نەخۆشی ئەیدز و نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان وەکو یەکو بە یەکچاو سەیر بکرێ:

١) لە بەرگرنگی نەخۆشییە درمییە زایەندییەکان .

٢) لە بەرئەوەی زۆربەی ئەم نەخۆشییە زایەندییانە لە قۆناخێکی درەنگ داتووشی ئەیدزدارەبن کە بە نەخۆشییە هەلپەرستەکان ناسراون.

٣) لە بەرئەوەی تائەمڕۆهیچ چارەیەکی نەخۆشییە زایەندییە ڤایرۆسییەکان نییە ، بۆیە زۆر پێویستە و ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە هەوڵ بدات لە نەخۆشییەکان تێبگات و ڕێگاکانی گواستنەوە وخۆپاراستن دەستنیشان بکات تا کۆمەڵگاکەمان لەمەترسی تووشبون بەم نەخۆشییەکان بپارێزین .

بۆئەوەی زێدەتر لەمەبەستی خۆپاراستن بگەین پەنجە بۆ٣ جۆر خۆپاراستن ڕادەکێشم :

## یەکەم خۆپاراستن

* کوتان، بەتایبەتی دژ بەو نەخۆشییانەی کوتانیان هەیە وەک زەردوویی B
* ئامۆژگاری کردنی چۆنیەتی ژیان پێکەوە بەسەربردن لە نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازدا، کاتێک یەکێکیان تووشی نەخۆشییەکی زایەندی بوبێت .
* بەکارهێنانی کۆندۆم لەکاتی هەموو جۆرە پەیوەندیەکی زایەندیدا، وا ئەمڕۆ کۆندۆمی تایبەتی بۆ نێر و بۆمێ هەیە و دەتوانرێت بکرێت .
* خۆ دوورخستنەوە لە ژنە سۆزانیەکان .
* ئامۆژگاری کردن و ئامادەکردنی خولی ڕانمایی بۆ کادرە ناوەندیەکان و نەخۆشەکان دەربارەی نەخۆشییەکان و چۆنیەتی خۆپاراستنیان .
* بلاوکردنەوەی زانیاری و ئامۆژگاری زانستیانە لە ڕێگەی ووتار، نامیلکە ،ڕادیۆ ،تەلەوزیۆن ،فلیمی ڤیدیۆ،ڕۆژنامە لە نێو قوتابخانە، زانکۆ، سەربازگا و خەڵکیدا دەربارەی ڕێگاکانی گواستنەوە و چۆنیەتی خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان .

**مەبەست لەم جۆرە خۆپاراستنە ئەوەیە تا مرۆڤ نەخۆشییەکە نەگرێت و کەسانی دیکەش تووش نەکات!!**

# خۆپاراستنی لاوەکی

گرنگی ئەم جۆرە خۆپاراستنە لەوەدایە کە پێویستە بە زووترین کات نەخۆشییەکە دەستنیشان بکرێت و چارەیەکی خێرای بۆ پەیدا بکرێت. بۆ ئەوەی بتوانرێت کۆنترۆڵی نەخۆشییەکان بکرێت، لە زۆربەی وڵاتاندا یاسایەکی تایبەت لەمەڕ خۆپاراستن و مافی نەخۆش و ئەرکی سەرشانی ئەندامانی کۆمەڵگا لەم بارەوە دانراوە، کە تێیدا کەس مافی ئەوەی نییە خەڵکی تر بە زۆرەملی و تۆپزی، بە ئەنقەست یان بە نیازی تۆڵەسەندن تووش بکات. هاوکات پێویستە نەخۆش زانیاری ڕاست و تەواو بدات بە نۆژدار دەربارەی هاوسەر، ژمارەی هاوسەرەکان، ناونیشانیان وکەی دوا پەیوەندی زایەندییان پێکەوە هەبووە بۆ ئەوەی بتوانرێت پەیوەندی بکرێت بە هاوسەرە گومان لێکراوەکانی نەخۆشەوە بۆ ئەزمایش و تێست کردنی تاقیگاییان بەو نیازەی بتوانرێت سنورێک بۆ نەخۆشییەکە دابنرێت، لێرەدا لێکۆڵینەوە لە نەخۆش تەنها بە مەبەستی نەهێشتنی بڵاوبونەوە وچارەکردنی نەخۆشییەکانە چونکە هاوکاری کردن لەنێوان نەخۆش و نۆژداردا تەنها بە سودی نەخۆش دەگەڕێتەوە. هەروەها (بۆزیاتر دڵنیابوون) پێویستە لەکاتی ژنهێنان، دەست پێکردنی کاری نوێ، سەربازی، زانکۆ، سکپڕی ژن و نەخۆشی تردا ئەزمایشی تاقیگایی بۆ ئەم نەخۆشییانە بکرێت.

| |
|---|
| مەبەست لە زوو دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەیە تا مرۆڤ<br>نەخۆشییەکە نەگوێزێتەوە ومەترسییەکانی نەخۆشییەکە پەیدا نەبن !! |

هەولێرنامەی کتێب

# سێهەم خۆپاراستن

مەبەست لەم جۆرە خۆپاراستنە نەهێشتنی سەرهەڵدانەوەی هەندێ لەو نەخۆشیانەیە ، بەتایبەتی نەخۆشی فەرەنگی . لە بەرئەوەی سەرهەڵدانەوەی هەموو نەخۆشییەک دەبێتە هۆی دڵتەنگی و زویری نەخۆش و زورجاریش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئاڵۆزی لە ڕێڕۆی نەخۆشییەکەدا ، کە ئەمیش دەبێتەهۆی دواکەوتنی چارەکردن یان زۆرجار وا لە نوژدار دەکات پەنا بەرێتە بەرنەشتەرگەری کە دەبێتەهۆی پەیدابوونی فشاری دەروونی لە سەرنەخۆش کە هەندێ جاریش بە زیانی نەخۆش دەگەڕێتەوە .

هەواڵنامەی کتێب

**هەموو جۆرە خۆپاراستنێک بە سودی نەخۆش دەگەڕێتەوە بەمەرجێ تا کۆتایی بە ڕێک و پێکی ئەنجام بدرێت و ئامۆژگاریەکانی نوژداریش پشت گوێ نەخرێت .**

# ئامۆژگاری نوژدارانه

# ڕێزگرتن لە پەیوەندی زایەندی و تێڕوانینی وەک پێویستیەکی ژیان .

# دوورکەوتنەوە لە ژنە سۆزانیەکان، هۆمۆ و هێترۆڕەگەزبازەکان .!!

# لە ماوەی چارەسەرکردندا مەی خواردنەوە و پەنگ کێشان قەدەغەیە .

# بەکارهێنانی کۆندۆم لە کاتی پەیوەندی زایەندیدا .

# لەکاتی هەستکردن بە نەخۆشیدا پێویستە بەزووترین کات نوژدار ببینرێت

# بۆدڵنیابون باشتروایە هەموو کەسێک تێستی ئەم نەخۆشیانە بکات .

# پێویستە هاوسەریش چارەی خۆی لەگەڵ نەخۆشدا بکات .

# نابێت بەهیچ جۆرێک بە نیازی چاکبوونەوە پێش دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە ، ئەنتیبایۆتیک بەکاربهێنرێت .

# پێویستە بەپێی توانا نەخۆش لە نەخۆشخانەدا چارەسەربکرێت ، لە ژێر چاودێری دابمێنێتەوە تا چاک دەبێتەوە . لەهەندی حاڵەتدا نەخۆش دەتوانێ لەماڵەوە چارەی خۆی بکات بەمەرجێ ئامۆژگاریەکانی نوژدار لە یاد نەکات.

# پێویستە دایک بڕیاری لە باربردن یان مانەوەی پێزە بدات کاتێک سەلمێنرا کە دایکە سکپڕەکە تووشی نەخۆشی زایەندی بوە .

# ABBREVIATIONS کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| AIDS | Acquired Immuno Deficiency Syndrome |
| CMV | Cytomegalovirus |
| CDC | Center of Disease Control |
| DNA | Dezoxylribo-nucleic acid |
| ELISA | Enzyme-Liked ImmunoSorbent Assay |
| EBV | Epstein-Barr Virus |
| HIV | Human Immunodeficiency Virus |
| HIV2 | Human Imunodeficiency Virus type 2 |
| HHV 6 | Human Herpes virus type 6 |
| HHV 7 | Human Herpes virus type 7 |
| HPV | Human papilloma virus |
| HSV | Herpes Simplex Virus |
| HZ | Herpes Zoster |
| HVZ | Herpes Varicella Zoster |
| STD | Sexually transmitted diseases |
| RNA | Ribonucleic acid |
| WB | Western blot, antibody reaction against viral components |
| WHO | World Health Organization |

# References

1. Control of Communicable Diseases in Man, 15th edition, American Public Health Assn, USA 1990
2. M.W. Adler (editor), ABC of Sexually transmitted diseases, 2nd edition, British Medical Association, London 1990
3. Aids prevention: guidelines for MCH/ FP program managers a) Aids and family planning WHO-Switzerland 1990
   b) Aids and maternal and child health,WHO-Switzerland1990
4. Aids Home Care handbook WHO/ GPA/ IDS/ 93.2, WHOSwitzetrland1990
5. BETA, Bulletin of Experimental Treatments for AIDS june/ july 1994, San Francisco AIDS foundation, USA
6. L. Cory & P.G. Spear: Infections with herpes simplex virus parts l & 2, New England Journal of Medicine, USA 1990
7. CDC: Recommendations for diagnosing and treating syphilis in HIV-infected patientes, MMWR. 37/ 1989, USA
8. CDC: Risk for cervical disease in HIV-infected Woman, New York city MMWR. 39/ 1990 USA
9. CDC: Chlamydia trachomatis infection: Policy guidelines for prevention and control, MMWR. 34/ 1985 USA
10. CDC: Guidlines for prevention and control of congenital syphilis, MMWR. 37/ 1988, USA
11. CDC: Sexually transmitted diseases guidlines, MMWR. 38, suppl 8/ 1989, USA
12. CDC: Sexually transmitted diseases: Treatment guidelines, MMWR. 34/ 1985, USA
13. CDC: Sexually transmitted diseases: Treatment guidelines, MMWR.38, suppl 8/ 1989, USA
14. E. Sandström (red), Sexuellt överförbara sjukdomar STD, Lund, Sweden 1994
15. Harrisons, Principles of internal medicine, vol.1, international edition, USA. 1991.
16. M. Ho: Cytomegalovirus: Biology and infection, New York, Plenum, USA 1982
17. K.K. Holmes et al (editors):Sexually transmitted diseases: 2nd ed. New York, Mc Graw Hill, USA 1989
18. H. Moi/ Örebro Läns Landsting: Sexually transmitted diseases, Sweden 1989
19. Klamydiainfektioner, förebyggande åtgarder, Socialstyrelsen Stockholm 1990
20. L.A. Koutsy et al: Epidemiology of genital human papillom virus infections, Epidemiologic Review 10:122, USA 1988
21. L. Piepel, M.D, Current Clinical Strategies, manual of HIV/AIDS therapy, USA 1991
22. M.A. Sande & P.A. Volberding, The medical managment of AIDS, 3rd & 4th editions, USA 1992 & 1995
23. M.W. Adler, ABC of AIDS, 2nd edition, London, UK 1991
24. M. Hatzivassilok, Sexually transmitted diseases in childeren and in puberty - Comunication - the 4th European Conference of Gynecology, Rodos 1988
25. Mandell, Bennett & Dolin, Principles and Practice of Infectious Diseases, vol 1 & 2, 4th edition, USA 1995
26. N.A. Peterslund, Herpesvirus Infections: State of the Art, p. 15-20, Scand. Journal of Infectous Diseases, suppl.80/ 1991, Oslo-Stockholm
27. Prevention of Sexually transmitted diseases of Human Immunodeficiency Virus, WHO-Switzerland, 1990
28. P. Piot, et al. AIDS In Africa, a manual for physicians, WHO, Geneva 1992
29. R.L. Souham, Textbook of Medicine, 2nd ed, London 1994
30. Socialstyrelsen, En liten bok om sexuellt överförbara sjukdomar, Stockholm 1989
31. T. Ciuca, Boli transmisibile pe cale sexuala, Editura Stintifica Bucurest 1993
32. Y. Schachter, A Program for control of chlamydia trachomatis, New England J. of Medicine no. 9/ 1989, New York
33. Morag C. Timbury, Notes on Medical Virology, 10th edition UK 1994
34. P.R. Murray et al, Medical Microbiology, Second edition, UK 1994
35. D J Weatherall et al,Oxford textbook of medicine, Third edition, Section 21 STD and Sexual health, UK 1995

# Summary

**Chapter 1:** What STD is, some WHO-statistics.

**Chapter 2:** Uro-genital anatomy in men and women, the functions of the various organs and paths of infection.

**Chapter 3:** History of STD from Hippocrates to AIDS. STD is nothing new, but have always followed man and affected his societies.

**Chapter 4:** STD-symptoms: Asymetric or tender lymph nodes, fungal lesions, hepetic lesions, itching, difficulties to urinate, discomfort between urinations, pus or blood in the urine, uretal discharges, perianal lesions (wounds or abnormal tissue changes).

**Chapter 5:** Diagnosis based on history, general symptoms, physical examination, serologic testning, detection of antibodies, parasital and other microscopic examinations.

**Chapter 6:** Types of STD: bacterial-, viral-, parasitic-, mycoses-, protozoal-, mycoplasma-, chlamydia and fungal diseases. Description of all STDs: the causes, transmission, epidemiology, symptoms, diagnosis, prognosis and prevention.

**Chapter 7:** <u>Primary prevention (methods of protection):</u> Condome protect against all types of STD (with exeption of crab lice and scabies) and vaccination (only against hepatitis B).
<u>Secondary prevention (proper medical care):</u>
For instance early diagnosis and strict treatment to avoid complications. Problems of re-infection. Screening of pregnant women and other risk-groups.
<u>Third prevention (education):</u> Information to the general public and to STD-patients.

**Chapter 8:** Advices: Stick to your partner if you can, in *all* other cases **use a condome**, avoid prostitutes, avoid drugs, do not use antibiotics without doctors prescription, the risks of alcohol or drugs.

## Preface

Sexuality is a more or less sensitive subject in most societies. The kurdish society is no exception and sex is still a very sensitive subject. As good and important sex is in human life, it also has bad sides: Abuse, unvanted pregnacies and disease. In all times society has tried in different ways to control sex, by laws, moral and shame, and in all times people have broken the rules...

Silence will not stop people from engaging in sex. With silence follows ignorance. If we remain silent, people will be left to find out about the bad sides of sex themselves, one of them deadly like HIV/ AIDS.

This booklet is about Sexually Transmitted Diseases - STD. Its purpose is not to advocate promisuity but to break the silence. Only well informed people will have a chance to take real responsiblity for this important part of life.

This booklet is based on a seies of aticles on STD that I wrote for DIDAR in 1992-95. Its publication has been made possible through the support of the Kurdish Youth Association in Sweden.

Finaly I should like to thank Mr Sardar Ameen and Mr Martin Rothfjell for their valuable help and advice with the editing.

Zahir Suran
Stockholm 1995

## Table of contents


5 Forword in Kurdish

6 Sexually transmitted diseases - STD

7 Uro-genital anatomy

14 Short history of STD

15 Symptoms of STD

17 Diagnosis of STD

18 STD-Classification:
- 20 Syphilis
- 22 Gonrrhea
- 24 Genital chlamydia infection
- 26 Lymphogranuloma Venereum
- 27 Ulcus molle
- 28 HIV/ AIDS
- 35 Herpes 1, 2
- 37 Epstien-Barr virus
- 38 Human papilloma virus
- 40 Viral Hpatitis B
- 41 Mycoplasmal infection
- 42 Trichomonas vaginalis
- 44 Pediculosis
- 46 Scabies
- 48 Candidiasis
- 49 Intestinal microorganisms

50 Prevention

54 Advices

55 Abbreviations

56 References

57 Summary in English

58 Preface in English

59 Table of contents

Dr. Zahir Suran

# Sexually Transmitted Diseases

## Advices & prevention

Stockholm 1995